دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

مجلة گۆڤاری TV

ئایار
2022
13

ئەو هونەرمەندە کوردەی مامۆستای قۆریات و بەستەی تورکمانییە

تبارك غسان :

الفن التشكيلي في كركوك لم يأخذ حقه

پێنج دیوان لە دیوانێکدا

پالاوگە نەوتییەکانی عێراق لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

فەرهاد حەمزە محەمەد *

بۆرییەکەوە لە کەرکوکەوە نەوتی بۆ دابین دەکرا، لە ساڵی ١٩٥٥ مەلیك فەیسەڵ پالاوگەکەی کردەوە کە لە توانایدا بوو ڕۆژانە ٢٥ هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێوێت، ئەم پالاوگەیە زۆر جێگەی بایەخی حکومەت بوو بەردەوام پەڕەی پێدەدرا بەجۆرێك لە ساڵی ٢٠٠٣ تواناکەی گەیەنرایە ٢١٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

لەساڵی ١٩٥٧ پالاوگەی گەیارە دروست کرا کەبە نەوتە قورسەکەی کێڵگەی گەیارە کاری دەکردو ڕۆژانە ١٤ هەزار بەرمیل نەوتی دەکرد بە ئەسفەلت .

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پالاوگەی بێجی یان دامەزراند کە بە گەورەترین پالاوگە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەژمێردرا ،ڕۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی لە کەرکوکەوە بۆ دەڕێشت .

لە کەرکوکیش لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پالاوگەیەك دامەزرا بە گوژمەی ٣٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە دوای پرۆسەی ئازادی گەشەی پێدراو تواناکەی بەرزکرایەوە بۆ ٥٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا .

سەبارەت بەو بڕەی نەوت ڕۆژانە لە عێراقدا ڕەوانەی پالاوگەکان دەکرێت دەتوانین بڵێین تا ساڵی ١٩٦٨ ئەو بڕە لە ١٠٠ هەزار بەرمیل تێناپەڕی بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە بەم چەشنە دابەش ببون :

٣٥٦ هەزار بەرمیل بۆ پالاوگەکانی باکوور بە کەرکوکەوە

١٩٥ هەزار بەرمیل بۆ پالاوگەکانی ناوەراستی عێراق

١٤٠ هەزار بەرمیل بۆ پالاوگەکانی باشوور .

لە ساڵی ١٩٧٦ حکومەتی عێراق بەرنامەی هەبوو لە شاری ناسریە پالاوگەیەك دابمەزرێنی بە گوژمەی ٢٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە مەبەستی هەناردە کردنی بەروبومە نەوتییەکان بۆ دەرەوەی وڵات بەڵام دواتر جێبەجێ نەکرا.

حاڵی حازریش وەزارەتی نەوتی عێراق سەرقاڵی تەواو کردنی پالاوگەی کەربەلایە کە لە پالاوگە نموونەییەکانە و زۆری نەماوە تەواو بێت .

ئێستاش پالاوگەکانی عێراق بە وانەی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕۆژانە نزیکەی ٧١٠ هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێون.

هەناردەکردنی بەروبومە نەوتییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ بە دواوە عێراق لە ڕێگەی تەنکەرەوە بەروبومە نەوتییەکانی وەك (نەوتی ڕەش ، نەوتی سپی ، گازۆلین ، غازی شل) هەناردەی تورکیا و ئوردن و کەنداو دەکرد ، لە ساڵی ١٩٩٠ بڕەکەی گەیشتە ئەوپەڕی کە ڕۆژانە ٢٠٠ هەزار بەرمیل بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ بە هۆی شەری کەنداوەوە وەستا ،لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە هەناردەکردن بە یەکجاری وەستا و پالاوگەکان تەنانەت توانای دابینکردنی پێویستی ناوخۆشیان نەما و حکومەت بە ناچاری سووتەمەنی لە دەرەوە هاوردە دەکرد

*سەرۆکی ئەندازیاران لە کۆمپانیای نەوتی باکوور

مجلة گۆڤاری TV

لەم ژمارەیەدا

دوو خوشکی کوردی جوولەکەی گۆرانیبێژی لەیادکراو

* رمزا شوان

..... ل ١١

چایخانەی مەجیدییە لەسەر شێوازە کلتورییەکەی نۆژەندەکرێتەوە

..... ل ١٨

قراءة في مجموعة (عقارب الساعة التاسعة)

* محمد حسين الداغستاني

..... ص ٣٨

قصص قصيرة جدا

* موشي بولص موشي

..... ص ٤١

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئیس التحریر
ڕەوان تاڵیب

دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات
KRT
07707273939
07503203929

ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان

□ کاروان عوسمان شوانی

دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دەرفەتێکی زێرین بوو کە تیایدا کەیسی ئەنفالی لە خۆ گرت.
ئەو دادگایە بە یاسایەك لە کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٥ پێکهێنرا.
لە یاسای پێکهێنانی دادگاکەدا هاتووە: هەموو ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر کراوە لە نێوان ٧ ی تەمووزی ١٩٦٨ تا ١ ئایاری ٢٠٠٣ دەتوانن سکاڵا تۆماربکەن.
ئەنفالی گەلی کوردیش بە کەیسێك برایە بەردەم دادگاکە، لە کۆی ٦٠ دانیشتندا و لە ٢٤ حوزەیرانی ٢٠٠٧ دادگای باڵای تاوانەکان ئەنفالکردنی گەلی کوردی بە جینۆساید ناساند.
جینۆساید وشەیەکی گریکییە، جینۆ: واتای بنەچە، یا ڕەگەز دێت، ساید: واتای لەناو بردن و قڕکردن دێت، هەردوو وشەکەش واتا: لەناوبردن و قڕکردنی ڕەگەزێی دێت.
جینۆساید چوار جۆری هەیە، هەموو جۆرەکانی لە کوردستاندا بە زیادەوە ئەنجام دراوە.
یەکەم- جینۆسایدی جەستەیی:کوشتن و لە ناوبردنی مرۆڤ دەگرێتەوە بەهەر شێوەیەك بێت.
دووەم- جینۆسایدی بایۆلۆژی: ڕێگریکردنە لە زۆربوون و زاوزێکردنی ئەندامانی کۆمەڵەیەك.
سێیەم- جینۆسایدی کلتوری: شێواندن و لەناوبردنی کلتور و فەرهەنگی کۆمەڵە مرۆڤێکە.
چوارەم- جینۆسایدی ئابووری: برسیکردن و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە.

دوای تەواوبوونی دادگاییکردن پێنج کەس سزادران و یەکێکیش لە کەیسی ئەنفالدا بێ تاوان دەرچوو کە «تاهیر تۆفیق العانی» بوو، هەر یەك لە « عەلی حەسەن ئەلمەجید و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید» بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرا « فەرحان ئەلجبوری و سابیر ئەلدوری» بە زیندانی هەمیشەیی سزادران.
لە سزادانی ئەو کەسانە گرنگتر بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کەیسەکە بوو، چونکە بە بڕیاری دادگا سەلمێنرا کە حکومەتی بەعس جینۆسایدی ئەنجامداوە دژ بە گەلی کورد، حکومەتی عێراقیش وەك میراتگر ئەرکی یاسایی دەکەوێتە سەر لە ڕووی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و پاشان پاراستنی گەلی کورد لە چوارچێوەی بڕیار و مافە نێودەوڵەتییەکاندا.
قەرەبووکرنەوەش بە دوو شێواز دەکرێت:
أ ـ قەرەبووکردنەوەی تاکە کەسیی: هەموو زیانلێکەوتووان و کەسوکاری ئەنفالکراوان هەموو ئەو مافە یاسایی و مرۆییە جۆربەجۆرەکان، مافە سیاسی و ئابووریەکان دەگرێتەوە، بەشێوەی مادی و مەعنەوی، لەڕووی چارەسەری تەندروستی و دەرونی، یا هەموو ئەو زیانە مادییانەی لێیان کەوتووە لە زەویی و ئاو و خانووبەرە و مەڕ و ماڵات و هەموو هۆیەکانی تری ژیان.
ب ـ قەرەبووکردنەوەی گشتی: تەواوی هاونیشتیمانیانی کوردستان سودمەند دەبن لەم جۆرە قەرەبووکردنەوەیە،
گرنگترینیان ئەمانەن.
١ـ حکومەتی عێراق داوای لێبوردن لە کورد بکات.
٢ ـ گرێتی دووبارە نەبوونەوەی جینۆساید بدات بە کورد.
٣ـ هەڵوەشاندنەوەی هەر بڕیار و یاسایەکی دەوڵەت کە ڕێگەخۆشکەرن بۆ جینۆسایدکردن.
٤ـ تەواوی قەرەبووکردنەوە» تاکەکەسی و گشتی» بە یاسا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەربچێت .
٥ـ سەرجەم مافە مەدەنی و مرۆیی و سیاسی و ئابوریی و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ کورد فەراهەم بکرێت.
ماوەتەوە بڵێین: هەر ئەو ڕۆژەی کە ئەنفال بە جینۆساید ناسێنرا، ناوی ٤٢٣ تۆمەتباری تری دۆسیەی ئەنفال بڵاوکرایەوە، بەشێك لەو تۆمەتبارانە جاشە کوردەکانن، دادگا ڕایگەیاند: دەبێت ئەو تۆمەتبارانە بهێنرێتە بەردەم دادگا و دادگایی بکرێن.
هەر بەپێی مادەی دەیەمی ڕێکەوتنامەی قەدەغەکردنی جینۆساید، تاوانبارانی جەنگ دەبێت دادگایی بکرێن، هەرچەند کاتیش بەسەری دا تێپەڕی بێت، با کەسەکانیش لە ژیاندا نەمابن.
بۆیە لە ڕوانگەی ئەم دەقە یاساییە نێودەوڵەتییەوە هەرچی زووە و پێویستە جاش و مستەشارەکان بهێنرێتە بەردەم دادگا، حکومەتی هەرێمیش چیتر کەمتەرخەمی نەنوێنێت، چونکە ناوی ٢٥٨ کەس لەو داواکراوانەی دادگای باڵای تاوانەکان کوردن یان لە کوردستان نیشتەجێن، دادگای باڵا لە ١١ ی ئابی ٢٠٠٨ جارێکی دیکە داوای لە حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ کردووە ئەو داواکراوانە بگیرێن و بهێنرێتە بەردەم دادگا.

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە
أ . جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا . د. مارف عومەر گوڵ
ب . لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە . دۆسیەی ئەنفال. تەها سلێمان

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەرییان لە سەر ڕای گشتی

□ دلێر شوانی

ڕاگەیاندن بە گرنگترین ئامراز ئەژمار دەکرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە خەڵکی لەسەرتاسەری جیهاندا جگە لەوەی بە گرنگترین ئامراز دەژمێردرێت لە کۆکردنەوەی ڕای گشتی کۆمەڵگا لەسەر بابەتەکان و پێش باسکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی ڕای گشتی پێویستە گرنگترین ئەو ئامرازانە بزانین کە لەڕێگایەوە ڕاگەیاندن زانیارییەکان دەگەیەنێتە بەرامبەر..
ڕاگەیاندن پێشتر پشتی دەبەست بە ڕۆژنامەکان بۆ گەیاندنی زانیارییەکان و ڕۆژنامەکان بەڕپرس بوون لە گەیاندنی ڕاستییەکان و هەواڵەکانی تایبەت بە حکومەت بە شێوەیەکی تایبەت و هەواڵی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان بە شێوەیەکی گشتی..
دواتر و پاش داهێنانی تەلەفزیۆن، ئەو ئامێرە بوە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی گواستنەوەی ڕوداوەکان بۆ ڕای گشتی چونکە هەواڵەکانی بە دەنگ و ڕەنگەوە دەگواستەوە (میدیای بینراو) ..
بۆیە خواستێکی زۆری لەسەر هەبوو لە لایەن خەڵکیەوە و بوە یەکەم سەرچاوەی گواستنەوەی هەواڵ و بینەرانی هەندێك بەرنامە گەیشتە ملیۆنەها بینەر تا دواتر سەردەمی ئەنتەرنێت هات و ڕاگەیاندن پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و بەهۆی ئەنتەرنێتەوە جیهان بوو بە گوندێکی بچوك و دانیشتوانی نیوەی باشوری گۆی زەمین لە ماڵەکانیانەوە بە ئاسانی ئاگاداری هەواڵەکانی دانیشتوانی نیوەی باکوری گۆی زەوی بوون .
پاش ئەم شۆڕشە لە بواری ڕاگەیاندندا کاریگەری ڕاگەیاندن زۆر زیاتر بوو بەبەراورد لەگەڵ ئامرازە کۆنەکانداو پێشکەوتنی بواری ڕاگەیاندن بەمەوە نەوەستاو لەم ساڵانەی دواییدا سۆشیاڵ میدیا هاتە کایەوە کە بە هەنگاوێکی زۆر مەزن ئەژمار دەکرێت لە بواری میدیادا.
سۆشیاڵ میدیا ناسراوە بەوەی چەند ماڵپەڕێکن بۆ پێکەوە گرێدانی کەسانی هاوبیر یان هاونیشتیمان یان هەر بابەتێك کە بیان بەستێتەوە بە یەکتر لە نێو سیستمێکی جیهانی گواستنەوەی زانیاریدا.
سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم ماڵپەڕانە لایەنی نەرێنیشیان هەیە کە گرنگترینیان کوشتنی کاتە و سەرچاوەیەکن بۆ بلاوکردنەوەی هەواڵی بێ بنەما و درۆ و پێشێلکردنی تایبەتمەندییە کەسێتییەکان وێڕای کاریگەری خراپی لەسەر منداڵان بەتایبەتی ئاشنابوونی منداڵان بە هەواڵ و فیدیۆی توندوتیژی و هۆکارێکن بۆ گۆشەگیربوونی منداڵان و کات بەسەر بردنیان لە جیهانێکی خەیاڵیدا.
سەرەڕای هەموو ئەمانەش بواری سۆشیال میدیا پێگەیەکی گرنگی هەیە لە جیهان داو زوربەی کەناڵ و ڕۆژنامە جیهانییەکان پەیجی تایبەت بەخۆیان دەکەنەوە لەم ماڵپەڕانە چونکە بینەری زۆریان هەیە و بە گرنگترین سەرچاوە ئەژمار دەکرێن بۆ گەیاندنی هەواڵەکان، بۆ ئەوەی بزانین سۆشیال میدیا چ کاریگەییەکی هەیە لە جیهان دا پێویستە بزانین ئەم ماڵپەڕانە چەندە کۆنترۆڵی جیهانیان کردوە.
بە پێی ڕاپۆرتێکی جیهانی کە لەم دواییەدا بڵاوکراوەتەوە تیایدا باس لە ڕێژەی کۆنترۆڵ کردنی ئەم ماڵپەڕانە دەکات بۆ جیهان ، ئەو ڕاپۆرتە کە بەناوی دیجیتاڵ ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە تیایدا هاتوە کە تۆڕی فەیسبوك پێگەی یەکەمی گرتوە لە نێو ١٧ تۆڕی کۆمەڵایەتیدا و تۆڕی یوتیوب کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ پێگەی دووەمی گرتوە و واتساب سێیەم و ماسنجەر چوارەم و ئینستاگرام پێنجەم و وی چات شەشەم و تیك تۆك حەوتەم و سناپ چات لە سەرەتای ئەمسال دا ٤٩٨ ملیۆن بەشداربوی چالاکی تۆمار کردوە،

نیگایەکی تەنك بۆ دێڕێکی قووڵی نالی

هیوا جەلال

«هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو حەددی چییە، نالی، کە بڵێ ماچە کەفارەت ؟!»

دەمێکە قوڵیی ئەم دێڕەی نالی جێی سەرنجە لام، هەرچەندە (مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە لێکدانەوەی دیوانی نالیدا بەوردیی چوار مانای بنەڕەتی و مانایەکی پەراوێزیی لێ هەڵهێنجاوە، مامۆستا (مەسعود موحەمەدیش)یش لە کتێبی (چەپکێك لە گوڵزاری نالی)دا وردتر بۆی چووە، وەکو قانع دەڵێت: «لە بنکی بەحری فیکرا، گەوهەری عەنتیکە دەردێنم»، مەسعود موحەمەدیش لە بنکی ئەو بەحری فیکرەی نالیدا، گەوهەری عەنتیکەی دەرهێناوە، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی هێرمۆنۆتیکیانە تەماشابکەین، ڕەنگە هێشتا بواری ئەوەمان هەبێت، کە بتوانین گەوهەری عەنتیکەتر دەربهێنین.

سەرەتا فرەواتایی ئەم دێڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دەربڕینەکان فرەواتان، فرەواتابوونی زیاتر لە وشەیەك، یان دەربڕینێك لە دێڕێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە دێڕەکە لێڵتر و شاراوەتر خۆی نیشانبدات، ئەمەش ئەو پرسیارە دروستدەکات، کە لە هێرمۆنۆتیکادا دەوترێ: « وشە بەپێی ڕستە واتاکەی دەگۆڕێت، ڕستەش لە دانە دانەی وشەکان پێکهاتووە، ئایا ڕستە حکومدەکات لە بەرهەمهێنانی مانادا، یان وشە حکومدەکات؟»، ئەمە ناونراوە بازنەی هێرمۆنۆتیکی، واتا هەردووکیان بازنەیەکی تەواوکاریی درووستدەکەن، هەر دووکیان پێکەوە بەشدارن لەو بونیادەی ڕستە کە (چۆمسکی) ناویدەنێت (بونیادی ڕووکەش)، کە لە (بونیادی قوڵ)موە سەرچاوەی گرتووە.

بگەڕێینەوە سەر دێڕەکەی نالیی، قوڵیی ئەم دێڕە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:

وشەی (دەمەکەت) هەڵگری چوار واتایە، بەم شێوازە:

- (دەم)ەکەت: دەم واتا دەمی مرۆڤ، دەمی قسەکردن، دەمەکەی تۆ.
- دە(مەکە)ت: دە مەکە، واتا دە وا مەکە، دە وازبێنە، دە وا مەکەی تۆ.
- (دەم)ەکەت: دەم، واتە کات، دەمی ڕابردوو، دەمی ڕانەبردوو، کاتەکەی تۆ.
- (دەم)ەکەت: دەم واتە: خوێن لە زمانی عەرەبییدا، خوێنەکەی تۆ.

پاشان ڕستەی «حەددی چییە؟» هەڵگری ئەم واتایانەیە:

- حەددی چییە: هەڕەشەیە، حەددی چییە وا دەڵێت، حەددی چییە دەڕوات.
- حەد: لە شەرعی ئیسلامدا بە سزای شەرعی دەوترێ، حەددی چییە؟، واتە سزاکەی چییە؟

ئەم دوو واتایەی سەرەوە هەر دوو مامۆستای ناوبراو لێکیانداوەتەوە، بەڵام ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکردووە، کە وشەی (حەد) ئەم دوو واتایەشی هەیە:

- حەد: لە زانستی لۆژیکی کۆندا (حەد) واتە پێناسە.
- حەد: واتە سنوور، حەددی ئێمە هەتا ئێرەیە، واتا سنوری ئێمە هەتا ئێرەیە، حەددی چییە؟ واتا سنورەکەی چییە؟

مامۆستا عەبدولکەریم بەم چوار شێوازە ئەو دێڕەی لێکداتەوە:

- یەکەم: «هەرچەندە خوێنی سووری ئەو دڵدارەی بە ناهەق کوشتت، بووە بە بار و بە لێوتەوە وشکبووەتەوە و پێوەی دیارە، نالی حەددی چییە بڵێ ئەو گوناهەت بە ماچێك پاکدەبێتەوە»

- دووەم: «هەرچەندە تاوانی دەمت، کە بە دڵدارت وت نا، ئەویش لە داخا مرد، بووە بە بار بەسەر لێوتەوە، لەو دنیایش هەموو ئەندامەکانی جەستە شایەتی لەسەر مرۆڤ دەدەن، نالیش حەددی چییە کە بڵێت ئەو گوناهە بە ماچێك لادەچێت»

- سێیەم: «هەرچەندە تاوانی دەمت، کە دەمت داخستووە و هیچ نالێیت، بووە بە بار بەسەر لێوتەوە، نالی حەددی چییە دەڵێت ئەو بارە بە ماچ پاکدەبێتەوە»

- چوارەم: «هەرچەندە ئەوەندت گوناهـ لە ئاستی دڵداراندا کردووە و لە خۆتت دوورخستوونەتەوە و پێتووتون دە وا مەکەن، ئەو گوناهە بووە بار بەسەر لێوتەوە، نالیش بۆی نییە بڵێت کەفارەتی ئەو هەموو گوناهە ماچی لێوتە»

مەسعود موحەمەد ئەم مانەیەشی لێدەرهێناوە، لەبارەی لاچوونی باری لێو بە ماچ دەڵێت: «مەبەست لەوەیە کاتێك لێوەکان بەر یەکتر دەکەون باری سەر لێو لادەچێت»

بە تێگەیشتنی من سەرەڕای ئەم لێکدانەوانە، دەکرێ وردتر بۆ ئەم دێڕە بڕوانین و بە پاڵپشتی ئەو چوار مانایە و وردەکارییەکەی مەسعود محەمەد، بەم شێوازانەش واتاکەی لێکبدەینەوە:

- هەرچەندە بەهۆی ئەوەی گوناهی دەمت، کە قسەت بەدڵدار تووە و بەقسەکانت ئازارتداوە، یان بەهۆی بێدەنگیت، کە ئەویش هەر تاوانی دەمتە، بارێك لەسەر لێوت درووستبووە، نالیش دەیەوێت بڵێت کە ئەم بارە بە ماچ لادەچێت، بەڵام کە وای وت، حەددی چییە، واتا بۆی نییە وا بڵێت، یان کە وای وت حەددی چییە؟ واتا سزاکەی چییە ئەگەر وای وت؟ یان ئەگەر وای وت پێناسەی نالی چییە و خەڵك چۆن پێناسەی نالی دەکەن، ئەگەر وا بڵێت.

- هەرچەندە بەهۆی ئەوەی لە دەمی ڕابردوودا ئازاری دڵدارت داوە و لێوت باری گرتووە، نالیش ئەیەوێت بڵێت، کە ئەم بارە بە ماچێك لا دەچێت، ئەگەر وای وت، سزاکەی چییە؟، یان نالی چۆن پێناسەدەکرێ؟ یان نالی هەر ئەسڵەن حەددی نییە وا بڵێت.

- هەرچەندە کە بە دڵدارانت وت دە وا مەکەن، بوو بە بار بەسەر لێوتەوە، ئێستا نالی ئەیەوێت، کە بڵێت ئەم بارە بە ماچ لادەچێت، ئایا نالی حەددی هەیە وا بڵێت؟ یان کە وای وت سزاکەی چییە و چۆن پێناسەدەکرێ؟

- هەرچەندە لێوت لە سوریدا لە خوێن دەچێت و لە ناسکییدا باری گرتووە، نالیش پێیوایە ئەمە بە هۆی ئەو گوناهەوەیە کە دڵدارانت لێ بێبەش کردووە، بۆیە ئەم بارە بە ماچ لادەچێت، بەڵام نالی ناوێرێت وا بڵێت، چونکە حەددی نییە وا بڵێت و ئەگەر وا بڵێت دەترسێت لەوەی سزاکەی چییە و خەڵك چۆن پێناسەی دەکەن کاتێك حەددی لێدرا، واتا سزای شەرعی درا، ئیتر خەڵکی بەچاوێکی تر لێی ئەڕوانن و پێناسەیەکی تریان بۆی دەبێت.

- هەرچەندە گوناهی دەمی ڕابردووت و دەمی قسەکردنەکەت و خوێنەکەت و دە وا مەکەت، بووە بە بار بە لێوتەوە، نالی ئەگەر بڵێت ئەم بارە بە ماچ لا دەچێت، سنوری بەزاندووە، کەی سنوری نالی تا ئەوێیە کە باسی ماچ بکات؟

ناونیشان لەدەقی ئەدەبیدا

خالد کاوێس قادر

هەندێ لە نووسەران ناونیشان تووشی رارابیان دەکات و لە شوێنی ناونیشان هەندێ بۆشایی بەجێ دێڵن، یان لەسەرووی بابەتەکەوە دەنووسن (بێ ناونیشان)، لەسەردەمی دڵە ڕاوکێکاندا ناونیشانەکان زۆر دەبن و بیرۆکەکان چڕدەبنەوە، لەو ساتانەدا ناونیشان شوێن پێیەکی کاریگەری دەبێت و ڕەنگ و روخسارێکی فێنك وەردەگرێ ئەگەر شاعیرانەبێت، یان ئیقاعێکی سیاسییانەی هەبێت .

ناونیشان دەستپێکی زۆر لەو پرۆسەی ڕەشەکوژی وکوشتارگانە بووە کە پاکسازی تێدا کراون، چونکە ناونیشان دەلالەتێك بووە بۆ گەیشتن بەرووداو، دەلالەتی گوزارشتکردن لەو بیرۆکەیەی کە ناوونیشان دیاری دەکات، وەك کەندەڵانێك گەمە بەروانگەکانی خوێنەر دەکات و وای لێدەکات کە هاوسۆزی ئەو جۆرە هەڵوێستانە بێت، چونکە ناوونیشان بیرۆکەیەکی کورتکراوەمان دەخاتە بەردەست بۆ بەدواداچوون .

هەندێ لە نووسەران ناونیشانی زۆریان هەیە، بەڵام بیرۆکەو گوزارشتەکان پەرت دەبن، هەندێکی تر بەپێچەوانەوە بیرۆکەی زۆریان هەیەو بەڵام لەرووی ناونیشاندا گیر دەخۆن و دەکەونە هەڵوێستی ترسناکەوە .

پێویستە لەسەر ناوونیشان کورت و وردەکارو پڕمانابێت، هەرچەند ناوونیشان دوورودرێژ بوو، کار لە ناوەڕۆکی بابەت دەکات و نووسەر ناچار دەکات درێژدادڕی لە نوسینەکەیدا بکات، ناوونیشان گەمەیەکە نووسەر تێیدەپەڕێنێ تاسەر لەبەری دەقەکە لەخۆیدا بگرێ و ببێتە بەشێك لەو گەمەیە، نووسەر یاریکەرێکی ترسناکەو هۆشمەندییەکی داگیرساوی هەیە، زۆرجاران بەخوێنەر پێدەکەنێ بۆئەوەی زیرەکی و هۆشیارییان تاقی بکاتەوەو بەهرەکانیان بدۆزێتەوە، هەندێجارانی دی تووڕەیان دەکات یان دوو رووبی نیشاندەدات، لەبەرئەوەی خوێنەر داوای ئەوجۆرە گوزارشتانەی لێدەکات، ئەویش دەیەوێت بەردەوام بێت لەو گەمەیە، ئەوان (واتە خوێنەر) کاتێکی زۆر و پارەوپول سەرف دەکەن لەپێناوی خۆشی، بۆیە ماندووبوون و نووسین و دەقەکان بەرز دەنرخێنن .

دەقی ئەدەبی، یەکێکە لەو هونەرە ئەدەبیانەی بەدەنگ ناونیشانەوە دەچێت، چونکە نووسەری دەق کەسێکی بەهرەمەندو کارامەیە، زۆر جاران ڕۆژانە دەنووسێت، یان هەفتانە .

جێگای ئاماژە بۆکردنە ناوونیشانی ڕۆژنامەگەری سەرمایەیەکی کلتووری و روانگەیەکی فەلسەفییە، هەروەها ململانێیەکی دەروونییە کە دەمانباتەوە بۆ تێپەڕاندنی واقیع بەقسەکردن بەرلەوەی کارەکان ئەنجامبدەن، چونکە ناوونیشان کەشتیەوانێکە و کەسێکی بەتوانایە کە ئاراستەکان دەست نیشاندەکات، هەرشتێ شوێنێك لە بۆشایی بەگەڕێنێ، ئەوە گوزارشت کردنە لە ئەرکێکی کلتوری راستەقینە، هەرچەندە ئەو ئەرکە سادەش خۆی بنوێنێ، بۆیە ناوونیشان ئەو سەکۆیەیە کەبەئەرکی نووسینی ڕۆژنامەگەری دادەنرێ، هەروەها ئەو سەکۆ وروژێنەرەیە کە لە نووسینە هەمەرەنگەکاندا بەدەردەکەوێ، ڕۆژنامەگەری نووسەر فێردەکات گەمەی کاریگەرێتی و گەڕان بکات و لەسەر زۆرترین گوریس گەمەکانی خۆی بکات بۆ گەیشتن بەراستییەکان، ئەمەش ئەو حەقیقەتە نیە کە خوێنەر دەیزانێ، بەڵکو ئەو حەقیقەتەیە کە نووسەر مەبەستیەتی و دەیەوێت لە کەمترین دۆڕاندا بەرجەستەیان بکات، چونکە نووسین زیانێکی گەورەیە لەماندووبوون و پارەوپوول و تەندروستی و تەنانەت زەمەنیشدا، ڕەنگە زۆرجارانیش نووسەر بەدەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە پاش ساڵانێك لە کۆشش و ماندوبوون لە گەران و پشکنین، لێرەوەش دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ناوونیشان گوزارشت لەو حەقیقەتە دەکات کە نووسەر تووشی شەونخونی دەکات و ئایا نووسەر لەتوانایدایە لەهەمووکات و سەردەمەکان ناوونیشان بگۆڕێ؟.

ئەگەر نووسین هەوڵدان بێت بۆ گەیشتن بەئامانجە مرۆڤایەتی و شارستانیەتە باڵاکان، لەهەمانکاتدا خودێکە ملکەچی گۆرانکارییە زەمەنی و شوێنییەکان دەبێت، هەروەها ناوونیشان لەگۆڕەپانی لێکۆڵینەوەو گەڕان و پشکنینەکاندا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ناونیشانی دەق تایبەتمەندی جودایە، بەڵام کورتە چیرۆك و شیعرو شانۆگەری، هەر یەك لەم هونەرانە ڕێ و شوێنی خۆیان لەنووسیندا هەیە، ناوونیشان زۆرجاران وەك بروسکەیەك گاڵتە بەخۆیەر دەکات و شێتانە بەدەردەکەوێ، یان تەئویل بەدوای خۆیدا دێنێ.

ناوونیشان:

ناوونیشان زمانە، شوێنەوارە، ناوونیشان زمانێکە لەریدا، ناوونیشان دەستەواژەیەکە بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردن و دەرخستن، کاتێ قسەکەر باس لەمەبەستێ دەکات بۆ تەواوکردن و تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر هەندێ ئاخاوتن بەکار دەبات دەبنە هەواڵی وتەکانی دواتر، لەوانە ناوونیشانی زانستی، کەلەوتەکاندا ئاخاوتنێ بەکاردێنێ کە دەبنە کلیل و دەستپێکی زانستێ کەدەچنە ناواخنی بابەتەکەوە، هەروەها بۆ شیعرو دەقەکانی دی.

بەڵام لەڕۆژنامەگەریدا، کە باوەشگرەوەی دەروونی و جەستەیی دەقی ئەدەبیە، ناوونیشان زۆرگرنگە، دەتوانێ قازانج و زیانیشی هەبێت، بەکۆی گشتی هەرکاتێ ناوونیشان کورت بوو، بەهای زێتر دەبێت، وە مەرجە کەخۆشی بەخش بێت و هەروەها لەسەر زوبان ئاسان وساکاربێت.

ناوونیشان ڕەگەزێکی گرنگی دەروازەیە، بۆیە پێناسەکردنی ڕێگەمان دەدات چەندین پرسیاریکەین و هەوڵی شرۆڤەکردنیان بدەین، ناوونیشان وەك ئەوەی لەسەردەمی بووژانەوە پێناسەکراوە یان لەوەبەر چەقی یان کۆمەڵە گرێیەکە نەك لەبەر کورت و درێژییەکەی بەڵکو بەهۆی توانای شرۆڤەکردن و تەئویلمان بۆی.

لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەوانی وایدەبینن باشترین کات بۆ هەڵبژاردنی ناوونیشان پاش کۆتاهێنانی بابەتەکەیە، چونکە ئەوە ڕێگە خۆشکەرە لەبەردەم نووسەر کە چەندین ناوونیشان دابنێ و بەراوردیان بکات لەگەڵ بابەتەکەی و بزانێ کامیان باشترین و لەگەڵ بابەتەکەی وێك دەچن، بابەت لەگەڵ بزوتنەوەی کلتوری و گۆڕانکارییەکانی شێوازدا دەژێت، ناوونیشان لە دایکبوونێکی سروشتی و شەرعی دەقە، لە منداڵدانی دەقەوە زۆربەی دەلالەتەکانی لەدایك دەبن .

وەزیفەکانی ناوونیشان

١- وەزیفەی دیاریکردن :

هەندێك ناوی دەنێن ناولێنان یان جارِدان (اشهار) بەومانایەی کە ناوونیشان ناوێکەو بە گوێرەی ئەو کەسایەتییەو دەروازەیەکە بۆ ناسنامەی مرۆڤ، چونکە ناو یەکەمین ڕەنگ و روخساری مرۆڤەو گوزارشت لە پەیوەست بوونی بە کۆمەڵگاوە دەکات، یا ڕەنگ و روخساری نەتەوایەتی و ئایینی و تەنانەت شوێن و کۆمەڵگەو باری دەروونی .

چونکە پێویستە لەسەر نووسەر ناوێك هەڵبژێرێ ناوونیشانێك بۆ نووسینەکەی تا خوێنەر دەستاودەستی بکات، ئەم وەزیفەیە ئەو ئەرکەش گرنگترین وەزیفەیەکە بتوانێ وەزیفەکانی دی تێپەڕێنێ، لەبەرئەوەی ناوونیشان ناو بابەتەکانی لێکەوە نزیکن ، بەڵام لەهەندێ ناوونیشان پێچ و پەناو گێرمەو کێشە (مراوغە) بەدی دەکرێت و پێویست بەتەئویل و شیکردنەوەیان دەکات بەمەبەستی خوێندنەوە دەکات تا ئاماژەکانی ڕوون ببنەوە .

٢- وەزیفەی پەیوەندی کردن :

ئەگەر ناوونیشان نێوەندێکی نێوان دووجیهان بێت، جیهانی نووسەر و جیهانی خوێنەر، یان لەنێوان جیهانی واقیع - ژیان و جیهانی دوور پەیمان کە ڕۆدەچێتە هەناوی مانەوە، و گەران بەدوای نەمریدا وەك گەلگامش و مەم و زین .

٣- وەزیفەی ئاماژە بۆکردن :

ئەمەش وەزیفەیەکە نزیکە لە وەزیفەی پیاهەڵدان و گێڕانەوە، خاوەن ڕەهەندێکی سینەماییە، هەندێ جاران ڕوو لە تەئویلکردن دەڕوا، ئامانجی وروژاندن و ئارەزووە ی لای وەرگر بۆ خوێندنەوەو بەردەوام بوون، ئەمەش وادەکات خاوەن ئامانجێکی هاندان بێت بەرەو وروژاندن دەڕوات، بەمەش سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ و وای لێدەکات لەوردەکارییەکان بکۆڵێتەوەو لەبازنەی هاندان و شیرینکردنی بابەتەوە بەرەو بازنەی ئاماژە بۆکردن و ڕەمزیەتی دەباتەوە نەك بازنەی ناواندن ، یان ڕاپۆرتێکی راگوزار .

٤- وەزیفەی چۆنیەتی و پیاهەڵدان :

وەزیفەیەکە ناوونیشان پێی هەڵدەستێ بەوروژاندنی ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ناوونیشان دەکرێتەوە بەومانایەی وەزیفەی (بابەتی، هەواڵی، تێکەڵاو) دەکات، هەروەها شتێ لەوەزیفەی ئاماژەکردن دەگرێتەوە .

٥- وەزیفەی زەمەنی :

گرنگی ناوونیشان لەوەدایە کەلە هزری وەرگردا دەمێنێتەوەو بەزهنیەوە دەنووسێت، هەروەها توانای نەمری هەبێت، بەتایبەت کاتێ سادەو شەفاف و سەرنج ڕاکێش و چڕکراوەبێ، هەربۆیە نووسەر هەوڵدەدات ناوونیشان کاریگەر، کەلەهزرو زماندا ئاسان خۆیان نیشاندەن .

زۆرجارانیش ناوونیشان ناوەڕۆکی دەق دەشارێتەوە و تەنیا هەندێ ئاماژە دەکات بۆ ناچارکردنی خوێنەر، بۆ بەردەوام بوون و خوێندنەوەی بابەتەکە .

٦- وەزیفەی هاندان :

یەکێ لەوەزیفەکانی ناوونیشان ئەوەیە کە خوێنەر لە ناوچەی بێ لایەن پەلکێش بکات و بەشداربێت لە ناوەڕۆکی دەق، ئەویش ئەو ناوونیشانانەیە کە مانایەکی دیاریکراو سەبارەت بەباتەکە پێشکەش ناکات، بەڵکو وەك چاودێرو بروسکەیەك ئاسۆیەکی گەشمان دەخاتە بەردەم .

جۆرەکانی ناوونیشان

١- ناوونیشانی باو :
ئەمەش ئەوجۆرە ناوونیشانە باوانەیە، هیچ کارێ ئەنجام نادات تەنیا ناسنامەیەکی دیارو ئاشکرای بابەتەکەیە، لەکاری رۆژنامەگەریدا بەوجۆرە ناوونیشانانە دەوترێ ناوونیشان هەواڵ، لەبەرئەوەی بابەتەکانی دیارن و زۆربەکاردێن .
٢- ناوونیشانی خوازە (مجازی):
ئەو ناوونیشانەیە کە پشت دەبەستێ بە شێوازی خوازەی نێردراو ئەو نووسینەی کە پەیوەستە بەو بابەتەوەی کە لە شوێنگەیەکدا قسەی زۆر ناهێنێ .
٣- ناوونیشانی شاعیرانە :
هەندێك بەناوونیشانی ئەدەبی و سریالی ناوی دەبن، لەبەرئەوەی دەمانوروژێنێ و پەناو پەسیومان پێ دەکا، ئەو ناوونیشانەی کە نووسەر پەنای بۆ دەبات بۆ ئەوەی لە چاودێری خۆی دوورمەپەرێز بگرێت، هەروەها دووركەوتنەوە لە دووبارە بوونەوەی دەلاقە لەبەرئەوەی ناوونیشان بەهایەکی جوانسازی هەیەو ئامانجی ئاماژەبۆکردنە نەك روونکردنەوە، بۆیە رووبەرووی چەندین تەئویل دەبێتەوە ئەم ناوونیشانەش بەهایەکی جوانسازی گەورەی هەیە، وەتوانایەکی ئەدەبی دروستکەر بەسوود وەرگرتن لە زمانی ئەدەبی لەرێگای دەستەواژەی پڕ لە شاعیرانە، کە بەتوانایەکی رەمزی باگراوند کراوە، کەزۆرجاران رستەکان بەرەو تەمومژ دەبەن .
٤- ناوونیشانی تەئویلی :
ئەوەیە کە جواناسی ناوونیشان تێدەپەرێنێ، لەبەرئەوەی سەکۆیەکی سەرەتای پێشکەش بە خوێنەر دەکات، مانایەکی ئامادەی دەخاتە بەردەست، هەوڵی دروستکردنی وەلام لای خوێنەر دادێنێ، لەبەرئەوە خوێندنەوەی باو بۆ ناوونیشان، باش دەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقێکی نوێ، لەبەرئەوەی ئەم ناوونیشانە پەردە لەسەر جواناسی هەڵدەداتەوەو شوێنی دەگرێتەوە — تاکو ناوونیشان دەرگای والابێت بۆ زنجیرەیەك دەلالەت بەهۆی بەردەوامی خوێندنەوە.
٥- ناوونیشانی بەش یان ناوەخۆ :
ناوونیشانێکی رەمزییە چەندین تەئویل هەڵدەگرێ هەروەها پێیدەوترێت ناوونیشانی ناوەخۆ، ئەگەر لەبەرگی گۆڤارێك بێت، نووسەر هەڵیدەبژێرێ بۆ رونکردنەوەی هەندێ دیمەنی تایبەت، لەئاکامی نووسینەوەی لێکۆڵینەوە یان دەقێکدا بۆئەوەی خوێندنەوەی ئاسانتربێت، هەروەها خۆی لە چاودێری بپارێزێ .
٦- ناوونیشانی رەمزی :
ناوونیشانێکە ریزبەندی بونیادی رەمزی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، نزیك دەبێتەوە لە ناوونیشانی خوازە یان وەرگرتن، نزیکیشە لە ناوونیشانی شاعیریانە کە رەهەندێکی خەیاڵئامێزی هەبێت .
٧- ناوونیشانی تەنز ئامێز :
ناوونیشانێکە لە بابەتێکدا کەرەستە هەڵدەبژێرێ، یان شێوازی گوزارشتکردن پابەندە لەسەر گاڵتەو جیاوازی، نووسەر رستەی دژ بەیەك و گاڵتە ئامێز بەکاردێنێ .
٨- ناوونیشانی شرۆڤەکردن :
ئەویش ناوونیشانێکی زیادکردنە بۆسەر ناوونیشانەکانی پێشوتر، ئەویش هاوشێوەی ناوونیشانەکەیە، نووسەر هەوڵدەدات هەندێ رونکردنەوە بەبابەت یان ناونیشانەکەی بدات، بەئاماژە کردن بۆ دەلالەتی مەبەستداری ناوونیشانی یەکەم کە زۆر جاران تەمومژاوی بەدەردەکەوێ، یان سانا نیە تێگەیشتنی .
٩- ناوونیشانی خۆیی :
ئەمەش ئەو ناوونیشانەیە کە پەیوەستە بەگیروگرفتێکی خۆیی تایبەت، یان نووسەر هەوڵدەدات خودی خۆی چەق یان ناوەندێکی گرنگبێ، لەبەرئەوەی خود پەیوەستە بەنووسینەوە، ناوونیشان وەك چەمکێك رووبەرووی خوێنەران دەبێتەوە وەك بەرهەڵیستیەك و هەمەرەنگیەکی زۆری بوارەکانی کاری نووسەر لەبوارەکانیدا واتە ناوونیشانێکی زۆر هەیە کە تووشی رارایمان دەکات و لەژیانماندا وجودی هەیەو گومانیشمان لا دروست دەکا، لەبەرئەوەی لەزۆربەی شوێنەکاندا هەیە، لە فرۆشگاکان و زانکۆکان، لە ریکلامەکان و کتێبەکان، لە گۆڕەپانەکانداو تەنانەت لە ئۆتۆمبێلەکاندا .
١٠- ناوونیشانی ورووژێنەر یان بریسکەدار :
ئەو ناوونیشانەیە بارگاوی کراوە بەوزەیەکی زۆری حەماس و بەرهەڵستی کردن، لێوان لێوە لە ئومێد، ناوونیشان لێرەدا پێویستە کە بۆ بەردەوامی نووسین وەك (لەپێناوی ژیاندا) و (خۆشەویستەکەم رۆژنامەنووسە) یان (هاوڕێ شێتەکان) .

تایبەتمەندییەکانی ناوونیشان :
لە نووسینی رۆژنامەوانی، یان دەقی ئەدەبیدا ، پێویستە ناوونیشانی چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، لەوانە :
ا-کەڵك وەرگرتن لە کورتی و چڕی و کورتکردنەوە، نەدرێژبێ نە هێندەش کورت بێ کار لەناوەڕۆك بکات .
ب- پێویستە وردبین بێ بەجۆرێ ناوەڕۆکی بابەتەکە بەوریاییەوە نیشاندا ، نە زیادەڕۆیی تێدابێت، نەکەم و کورتی .
ج- جیاکاری تێدا بێت لە رەوانبێژی و شەفافیەت و گوزارشت هاوسەنگ و یەکگرتووبێت، نەك کۆکراوەیەکی بریقەدار بێ، تێگەیشتنی ئاسان و رستەی جوان بێ .

ناوونیشان و تۆکمەیی :
پەیوەندی بەهێزی نێوان ناوونیشان و تۆکمەیی (المتن) دەمانباتەوە بۆ پێویستی دەرخستنی ئەم پەیوەندییە بەهێزە لەنێوان هەردوولادا ، چونکە دەق ، تۆکمەیی پێکهاتووە لە زنجیرەیەکی زمانەوانی هەڵسەنگێنراو یان نووسراو کە یەکێتییەکی بەردەوام پێك دەهێنێ، هەروەها بونیادێکی دالییەو لە سیستەمێکی سیمائییەوە هەڵدەقوڵێ، یان دەزگایەکی رەمزییە بە پلەی یەکەم و بەر لەهەرشتێ، چونکە خوێنەر لەدەقەوە دەست پێدەکات و لە دەروازەی ناوونیشانەوە تەئویل وەردەگرێ، کلتووری مەعریفی خۆی تەوزیف دەکات لە پێناوی گەیشتن بە دالەکانی خۆی، زۆر جاران دەلالەتی کارکردن دەرئەنجامی تەئویلی ناوونیشانە.

دوو خوشکی کوردی جوولەکەی گۆرانیبێژی لەیادکراو

□ رەزا شوان

گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، بەشێکی گرنگن لە فۆلکلۆری هەر گەلێك. هەموو چینوتوێژەکانی خەڵکی حەزیان لەو گۆرانییانە هەیە. ناشزانرێت کە بۆ یەکەمین جار کێن ئاوازیان بۆ داناون، یان کێن وتوویانن. ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییانە رەگێکی مێژوویی کۆنیان هەیە. تا ئەمڕۆش چێژ و خۆشییان کاڵ نەبوونەتەوە و کاڵیش نابنەوە. بە بەشێکی رەسەنی کەلەپووری نەتەوایەتی دەزانرێن. هەر نەتەوەیەکیش شانازی بە فۆلکلۆری نەتەوایەتی خۆیەوە دەکات و دەیپارێزێت. چونکە هەر نەتەوەیەك فۆلکلۆری رەسەن و داب و نەریتی تایبەتی خۆی نەبێت. کەواتە رابردووی نییە.
ئێمەی کورد ، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لەبننەهاتووی گۆرانی فۆلکلۆریمان هەیە. کە بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە. بەڵکو یەکێکین لە نەتەوە دەوڵەمەندەکانی جیهان لە فۆلکلۆردا. لە گۆرانی فۆلکۆری کوردیدا ، سروشتی جوان و رەنگینی کوردستان و زادەی بیر و سۆز و چێژی مرۆڤی کورد و، داب و نەریتی جوانی کوردەواریمان رەنگیان داوەتەوە و مۆرك و خەسڵەتێکی رەسەن و تایبەتییان بە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان بەخشیون. هێندەش هۆنراوەکانیان و ئاوازەکانیان ناسك و شیرینن. بە ئاسانی دەچنە دڵەوە و دەبنە وێردی شیرینی سەر زارمان. تا ئێستا لە لایەن گەلانی هاوسنووری کوردستانەوە، دەستیان بەسەر چەندین گۆرانی و ئاوازی کوردیدا گرتوون و کردوویانن بە مۆڵکی خۆیان. بەڵام سەرەڕای شێواندن و دەستکاری کردنیان.. بە زەقی مۆرك و رەسەنایەتی کوردییان پێوە دیارن.
لەمە زیاتر درێژە بە باسکردنی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیمان نادەین. ئەم باسە گرنگە بە هۆنەرمەندان و شارەزایانی دڵسۆزی کوردمان لەم بوارەدا دەسپێرین. هیوادارین کە بتوانن لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان دەربارەی فۆلکۆری کوردیمان، بە ئەرشیف بکەن. لە کتێبی چاپکراودا پێشکەشمانی بکەن. بەمەش خزمەتێکی باش پێشکەش بە فۆلکلۆر و بە کەلەپووری نەتەوەییمان دەکەن، دەیان پارێزن.
دێینە سەر کڕۆکی باسەکەمان. چەند سەد ساڵێك، لە پێش زاینەوە جوولەکەکان کە لە لایەن بابلییەکان و ئاشوورییەکانەوە وڵاتەکەیان داگیرکردن، بەشێکیان لێکوشتن. بەشێکی زۆریشیان وەکو دیل بۆ عێراق و بۆ کوردستان هێنان. بەپێی نووسینەکانی مێژوونووسانی جوولەکەکان. لە هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان، کە جوولەکەیان لێ دەژیان، جوولەکەکانی کوردستان دڵنیاترین و ئاسوودەترین ژیانیان بەسەردەبرد. زووش تێکەڵ بە دابونەریتی کوردی بوون و فێری زمانی کوردی بوون، بەشێك لە کوردیش چوونە سەر ئایینی جوولەکە، بەڵام وەك نەتەوە هەر خۆیان بە کورد دەزانی، گەلێ هونەرمەندی گۆرانیبێژی دەنگخۆش لە ناو کوردە جوولەکەکانی کوردستاندا هەڵکەوتن و خزمەتی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییان کرد. لەوانەش خاتوو (شیرین) یا (بەهیجە) یا (فەرحە) کە لەبەر زۆر جوانی بە (دایکی جەمال) واتا (دایکی جوانی) ناویان بردووە، کە لە کوردە جوولەکە لەدایکبووەکانی شاری هەڵەبجەیە، لە (١٩٠٨) لە دایك بووە. دەنگی زۆر خۆشبوو. کۆمەڵێك گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زۆر خۆشی لە ساڵەکانی (١٩٢٥. ١٩٢٦) دا ، لەسەر قەوان تۆمارکردوون. یەکەمین ژنە گۆرانیبێژی کوردە، کە گۆرانی کوردیی لەسەر قەوان تۆمارکرد. کە ئیزگەی رادیۆی کوردی . لە بەغدا کرایەوە، گۆرانییەکانی دایکی جەمال زۆر بڵاودەکرانەوە. زۆر لە گۆرانیبێژانی ئێستا گۆرانییەکانی دەڵێنەوە. دایکی جەمال ژنێکی کورد و کوردستان پەروەریش بوو. سرووودی (وەتەنی من کوردستانە)ی تۆمارکرد. دایکی جەمال لە ساڵی (١٩٧٩) دا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. ئەمەش ناوی هەندێ لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی (دایکی جەمال) ن:(هەی ئاغا و ئاغا، هەی بەلار بەلارەوە، ئامین و ئامین، هەی بێنن بێنن، سەوزە مەڕۆ، خانمی سلێمانی، روحی شیرینم،... هتد).

دوای ئەویش هەردوو خوشکی گۆرانیبێژی کوردی جوولەکە (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) کە لە کوردە جوولەکەکانی ناوچەی (ئاکرێ) بوون. دەنگیان زۆر خۆشبوو. چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی زۆر خۆشیان لە ئیزگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا، تۆمارکردوون.
لە ئێستاشدا گۆرانیبێژی دەنگخۆش خاتوو (هەداسە یاشیرون) کە ژنە کوردێکی جوولەکەیە و باووباپیرانی لە کوردستان ژیابوون، لە ئێستادا لە (تەلئەبیب) لە ئیسرائیل دەژی. هەستێکی کوردیی سروشتی هەیە و خۆی بە کورد دەزانێت، لە ئیسرائیل و لە کوردستاندا ، بە زۆری بە جلی کوردیی ئاڵاو والاوە، چەندین

گۆرانی فۆلکلۆری رەسەنی کوردی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمارکردوون و چەندین ئاهەنگی گۆرانی کوردیی سازکردووە، لە زۆربەی یادی جەژنەکانی نەورۆزدا، ئاهەنگی گۆرانی کوردیی پێشکەش کردوون، گۆرانیشی بۆ پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان وت.

(نازدار و ئەسمەر فەرهاد) دوو کچە کوردی جوولەکەی گۆرانیبێژی زۆر دەنگخۆش و ناسك و شیرین و بەسۆز بوون. لە کۆتایی چلەکان تا ساڵی (١٩٥٢) ی سەدەی رابردوو، بە دووقۆڵی لە ناخی دڵیانەوە و بەجۆش و خرۆشەوە، گۆرانییان دەچڕی. کۆمەڵێك گۆرانی فۆلکلۆری کوردییان لە (ئیزگەی رادیۆی کوردی . لە بەغدا) تۆمارکردوون. هەشت گۆرانییان بە دووقۆڵی تۆمار کردوون. لەو گۆرانییانەی کە من لە منداڵییەوە گوێم لێیان بوو، کە (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) بە دووقۆڵی دەیان چڕین، کە تا ئەمڕۆش ئاوازە رەسەنەکانیان و دەنگە زوڵەڵەکەیان، خۆشی و چێژیان لە دەروون و هۆشمدا کاڵ نەبوونەتەوە و لە گوێیەکانماندا دەزرنگێنەوە. زۆر هوگر و سەرسامی دەنگە بەسۆز و خۆشەکەیان بووم و لێیان مەست نابووم.

(نازدار و ئەسمەر فەرهاد) بە دووقۆڵی سەرجەم (٨) گورانی فۆلکلۆریی کوردییان لە (بەشی رادیۆی کوردی . بەغدا) تۆمارکردن و بڵاوکرانەوە. ئەمانە ناوی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) ن وەك لەیادم ماون:

١. (مەگری مەگری چاوانت دێشێ .... دایکت نەماوە نازت بکێشێ)
٢. (گەردوون من چیبکەم چیم دەسەڵاتە .... خەتای من نییە دڵ مفتەلاتە)
٣. (جوانین ئێمە جوانین .... پەری ناو شاخانین .... لە خواومیە جوانین)
٤. (بولبول مژدە بەهارە ... هەور نەماوە و رۆژ دیارە)
٥. (گزەی جەرگانم ماڵی وێرانم .... جێگام بۆ راخە ئەمشەو میوانم)
٦. (هە لاوە لاوە گوڵێ .... شەوقی رووناکی گوڵێ)
٧. (نەجیبە یار نەجیبە ... بۆ دەردی من تەبیبە)
٨ (ئامینیم نازەنینێ .. وەی وەی لە زیرەی پۆتینی..

باڵام بە باڵای ئەو کچە گرت... دوو پەنجە کورتی دێنێ)

من وا تێدەگەم کە ئەم گۆرانییەش بە دەنگی نازدار و ئەسمەر فەرهاد گوێم لێبووە:

(گەرد و گەردانە.. یارم شەمعە.. خومیش پەروانە) پشت راستکردنەوەی دەوێت.

بێگومان ئەم دوو خوشکە، بە دووقۆڵی گۆرانی فۆلکلۆریی زیاتریان هەبووە، کە لە ئاهەنگ و شایی گوندەکەیاندا سەر بە (ئاکرێ) بە دوو قۆڵی وتوویانە و لە رادیۆدا تۆمار نەکراون. تەنیاش بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکانیان هاتووچۆی رادیۆی کوردیان لە بەغدا دەکرد، بە هەمیشەیی لە رادیۆیی کوردیدا دانەمەزرابوون، یان خۆیان نەیانویستووە دابمەزرێن.

پێش کۆچکردنیشیان بۆ ئیسرائیل، کە ماڵیان لە بەغدا بوو، زوڵم و ئەشکەنجەیەکی دەروونی زۆر دران، لە لایەن عەرەبەکانی بەغدا و حکومەتی عێراقەوە.

ناوی راستی نازدار و ئەسمەر فەرهاد چییەوە کێ هێنایانی بۆ رادیۆ؟

تەنیا کەس کە باسی ئەم دوو خوشکە گۆرانیبێژە کوردە جوولەکەیەی کردبێت، هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا (عەلی مەردان)ی نەمرە. لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی (بیرەوەری گەڵای پایز) لە ئامادەکردنی (عەبدولقادر عەلی مەردان) و رێکخستن و لێکۆڵینەوەی مامۆستا (ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی) یە. مامۆستا عەلی مەردان دەڵێ:«کاك کامیل

کاکەمین . بەڕێوەبەری ئیزگەی رادیۆی کوردی، پێی راگەیاندم کە دوو کچە جوولەکە هەن خوشکن، دێنە ئیزگە و خۆزگە گوێت بۆ رادەگرتن. هاتن و چاومان پێیانکەوت.. هەروا بیست یا بیست و چوار ساڵان دەبوون. گوێم لێگرتن، دەنگێکی جوان و پوخت و کاریگەریان هەبوو، لەوەبەر شتی وام نەبیستبوو. توانایەکی وتنی باشیان هەبوو. نزیکەی (١٠) گۆرانیم بۆ ئامادەکردن. یەکێکیان دوو قۆڵی دەبێژرا، ئەویش (بڕوانە...) بوو، کە من و ئەسمەریان دەمانوت. حەزدەکەم زیاتر لە بارەی ئەو دوو دەنگە بەسۆزەوە بدویم، چونکە ئەمە دەبێتە مێژوو و دەچێتە سەر لاپەڕەکانی.

ئەو دوو خوشکە، لە جوولەکەکانی ناوچەی (ئاکرێ) بوون، هەروەك لە خۆیانم بیست. باوکیان (موشێ) یان (موسا)ی ناوبوو. دایکیشیان (بەستێ)ی ناوبوو. لەڕیی (کامیلی کاکەمین)ەوە، گەیاندرانە بەغدا. ئەویش کاتێك بە کاروباری ئیزگە و کۆکردنەوەی دەنگ و ئاوازەوە میلییەکان، بەو ناوەدا گەڕابوو. لە یەکێ لە گوندەکانی (ئاکری) کە میوانی (ساڵح ئاغا)ی موختاری گوندەکە دەبێ و دەزانن کە بۆ کۆکردنەوەی ئاواز و گۆرانی ناو گوندنشینەکان هاتووە و دەیەوێ مەسحێکی هونەری بکات. ساڵح ئاغا ئەو دوو خوشکەی پێشاندەدات کە دەنگێکی خۆشیان هەیە و لە شایی و ئاهەنگەکانی گوندەکەدا گۆرانی دەڵێن.

دەنگیان تاقیدەکاتەوە و باش گوێیان لێدەگرێ و دوایی پەسەندیان دەکات و داوایان لێدەکات کە بێنە بەغدا. ئەوەبوو هاتن و کارەکەیان لە ئیزگە لای خۆمان بە باشی رۆی. گۆرانییەکانیشیان بە شێوەی سۆرانی بوون. وریابوون و بە گورجی ئاوازەکانیان وەردەگرت. یانی گوێچکەی مۆسیقایان زۆر هەستیار و ناسك بوو. هەتا بچووکەکەیان (ماری) ئینگلیزییەکی باشی دەزانی و قسەی پێدەکرد. لاوازی و نەخۆشییەکی لەگەڵبوو. بەڵام گەورەکەیان (خۆخە) جوان و رووخۆش و زیتەڵە بوو. رۆژێك لە گەرمەی پرۆژەکانماندا، لەسەر یەکی لەو گۆرانییانەی بۆمان دانابوون کە بیڵێن. کاك کامیل پێشنیاری کرد، کە دوو ناوی لەبار و جوانیان بۆ هەڵبژێرین. ئەوەبوو گەورەکەیان کە (خۆخە) ی ناوبوو، کردمان بە (نازدار) بچووکەکەشیان کە (ماری)ی ناوبوو، کردمان بە (ئەسمەر)، (فەرهاد) یش وەك نازناوێکی هونەری بۆ هەردووکیانمان دانا. ئیتر بوون بە (نازدار و ئەسمەر فەرهاد). لەسەر (سیم) گۆرانییەکانمان بۆ تۆمارکردن. وەك وتیشم خۆم لە یەکێکیاندا بەشداربووم. کە لە ئیزگەشەوە بڵاودەکرانەوە، لەناو گوێگرەکاندا، ناو و شورەتێکی باشیان پەیداکرد و دەنگیان دایەوە. سەدان نامە دەهاتنە ئیزگە و داوای گۆرانیەکانی ئەم دوو ئافرەتە دەنگخۆشەیان دەکرد. (نووسەر: کاتێك کە مێرد منداڵ بووم. ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر هۆگری گۆرانییەکانی نازدار و ئەسمەر فەرهاد بووم. زیاتر لە (٣٠) نامەم بۆ ئیزگەی رادیۆی کوردی . گۆرانی داواکراو. نارد و داوای گۆرانییەکانی نازدار و ئەسمەر فەرهادم کرد). هەمووی (٨) گۆرانی نازدار و ئەسمەر فەرهاد لە رادیۆی کوردی بەغدا تۆمارکراون.

هەتا سەرەتای ساڵانی پەنجاکان، ماڵی (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) لە خانوویەك بوون لە بەغدا، لە گەڕەکی (بەتاوین) بەرانبەر بە (گۆلێژی پۆلیس) و بەرانبەر بە (کەنیسەی ئەرمەن) دوایی کەوتنە خۆ ئامادەکرد بۆ کۆچکردن لەگەڵ هەزاران جوولەکەی تردا. ئامادەبوون کە بۆ ئیسرائیل بچن. زێدی رەسەنی باووباپیرانیان.

دواجار سەردانیم کردن جەنجاڵی خۆکۆکردنەوە بوون. دەبوو ئەو رۆژە بڕۆیشتنایە. هەرچییەکیان بوو فرۆشتیان. جگە لە پاسکیلێکی منداڵانی سێ پێچکە. وتیان: «ئەوەش وەك دیاری بۆ . کاکە . ی کوڕت» بەڵام دڵم بڕوایی نەهێنا کە لێیان وەربگرم، قبووڵم نەکرد. دواجاربوو یەکتر ببینین. دڵتەنگ و مات و پەست گریاین و حەسرەتمان کێشا، دەبوو بڕۆن. هەر دەبوایە بڕۆن. جگە لەو ناڕەحەتی و تەشقەڵە و زوڵمەی لە عێراقییەکانەوە تووشیان دەبۆوە. کە رۆیشتن ئیتر دەنگوباسیان نەما، وەك بەردێ بکەوێتە گۆمێکەوە. ببڕای ببڕ، هیچم لێیان نەبیستەوە. داخ و حەسرەتیان تا ئێستاش ئاسەواری خۆی لە دڵمدا هەیە» نازدار و ئەسمەر فەرهاد، لە ساڵی (١٩٥٢) دا، کۆچیان بۆ ئیسرائیل کرد، کە دوا کۆڕەوی بە زۆری جوولەکەکان بوو لە عێراق. چی پارە و خشڵ و زێڕیشیان پێبوو، حکومەتی عێراق هەمووی لێیان سەندن. تەنیا بۆیان هەبوو (٢٥) دیناری عێراقی و جانتایەکی جلوبەرگ لەگەڵ خۆیاندا بەرن.

تا ساڵی (٢٠٠٣) یش، شریتەکانی گۆرانییەکانی (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) و ساڵی تۆمارکردنیان. لە ئەرشیفی ئیزگەی رادیۆی کوردی لە بەغدا مابوون. کە بینایەی تەلەفزیۆن و رادیۆی عێراق لە بەغدا لە لایەن فرۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بۆردوومان کرا، ئەرشیفی ئیزگەی رادیۆی کوردی زیانێکی زۆری بەرکەوت. زۆرەیەکی زۆری شریت و کاسێت و سیدییەکانی گۆرانییە کوردییەکان لە ناوچوون. بەشێکیان دزران و بەشێکیان سووتان و بەشێکی کەمیشیان کەوتنە لای بێژەری پێشووی ئیزگەی رادیۆی کوردی، جوانەمەرگ کاك (ئیسماعیل گەیلانی) کە لەو کاتە مەترسییەدا، چوو بۆ بەغدا و ئەو بەشەی لە تیاچوون رزگار کرد و کەوتنە لای ئەو. بەڵام بە داخەوە، کە کاك ئیسماعیل بە هۆی سووتانەوە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. تا ئێستا نازانرێت ئەو شریت و کاسێت و سیدی گۆرانییە کوردییانەمان، کە لە لای کاك ئیسماعیل بوون، لە ئێستادا لە لای کێدا ماونەتەوە، هیچ زانیارییەك لە بارەیانەوە نازانرێت کە چییان لێکردوون.

هیوادارم کە دوو خانمە گۆرانیبێژی دەنگخۆش و دەنگناسکی کوردمان، پێکەوە رێکبکەون و بە دوو قۆڵی گۆرانییەکانی (نازدار و ئەسمەر فەرهاد) بە جوانی و پوختی و بە هەمان ئاوازەوە و سۆزەوە، بیانڵێنەوە و بۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردستان تۆماریان بکەن. بۆ نموونە هونەمەندی گۆرانیبێژ خاتوو (چۆپی فەتاح) و خاتوو (دینا) و خاتوو (لۆکە زاهیر) و خاتوو (ئاڤان جەمال) و خاتوو (ماریا هەورامی) یا هەر خاتوونێکی گۆرانیبێژی تری کوردمان بێت. دوانیان پێکەوە رێکبکەون و بە دوو قۆڵی گۆرانییەکانی نازدار و ئەسمەر فەرهاد بڵێنەوە و تۆماریان بکەن. تا ئەم گۆرانی و ئاوازە رەسەنە فۆلکلۆرییە کوردییانەمان لە تیاچوون رزگاربکەن. دەستخۆشی و ئافەرین، بۆ ئەو دوو خانمە گۆرانیبێژە کوردەمان بێت، کە دەست پێشخەری دەکەن و ئەم کارە نەتەوەییە دەکەن.

پێنج دیوان لە دیوانێکدا

لەتیف فاتیح فەرەج

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وتو کەس تێی نەگەیی ئێستە خەمۆشم

دنیای ئەدەب و شیعر، دنیای جوانی و سەراسیمەییە، دوورە لە تەڵەو داوی سیاسەت و کورسی پەرستی، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دنیای سیاسەت و دڕدۆنگی دەربچێت دەبێت جار جار پەنا بەرێتە بەر هونەرو شیعرو ئەدەب، من خۆم هەر جارێك کە دڵشکانی گەورەم توش دێت ئامێز بۆ میوزیك و شیعر و ستران والا دەکەم و زۆر لە دنیای ڕوکەش و تەڵەکە دور دەکەومەوە، هەرچەند بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشیش بکەین، هەندێ جاریش بە دڵی شکستەوە بە فریشتەی شیعر دەڵێین « با پیس نەبی خۆت مەدە لەم کوردی عیراقە «
ئەدەب ئاسودەیی گیانی بۆ مرۆڤ دەگێڕێتەوە، ئەدەب هێندە بەرزە کە مرۆڤ دەچێتە خزمەتی دەبێت « بە حەیا بێتە حزورو بە ئەدەب سوجدە بەرێ « فەرشی سیاسەت باسوریش بێت لیپە لە فرت و فێڵ و درك و داڵ و دزێوی، فەرشی ئەدەب باکۆن و دڕاویش بێت باخی گوڵە و مرۆڤ مەست و کەلەلادەکات، کە ناوی ئەدیب و شاعیرو هونەرمەندی هەقیقی هات، پێویستە پێشگری ئوستاد و حەزرەتت بیر بێت، جارێکیان لە ئەسفەهان بە فرۆشیارەکەم وت ئەم کاسێتەی شەهرام بای چەندە، لێی سەندمەومو پێی وتم ئەوە شەهرام نیە، ئەوە ئوستاد شەهرامی نازریە و تۆ جارێ نازانی ناوی بێنی بۆیە ناتدەمێ .
تکایە رێزی ئەدەب و شیعرو دیوان بگرن، ئەوەتا نالیەکی پەرەگەندەی دورە زێدو عاشقی ئاوی سەرچنارو تانجەڕۆ بە شیعرەکانیەوە « حاکمی سێمولکە دیوانی هەیە «، وەك لە سیاسەتا وێران و هەمیشە بۆیەك لە بۆسەداین لە شیعرو هونەردا هەین، دۆستێکی فەرەنسیم هەیە یەکەمین پرسیاری لە من لە بارەی شاعیرەکانمانەوە بوو، یەکەمین دیاری ئەویش بۆمن شیعرەکانی فیکتۆر هۆگۆ بوو کە ئێمە زیاتر وەك رۆمانتووس ناسیومانە،ئەگەر جارێکی دی یەکترمان بینیەوە .
لەم ماوەیەدا کۆبەرهەمی مارف عومەر گوڵ کە بریتیە لە کۆکردنەوەی پێنج دیوان لە دیوانێکدا بە شێوەیەکی جوان لە لایەن چاپخانەی کارۆوە وەشێنرا، کتێبەکە هەر پێنج دیوانی « هێلانەی نغرۆ، خۆری زیندان، شاییەکی نهێنی، نیشتمانم دارستانی دەم روبار بوو، شکۆی باڵگرتو» ە، مارف عومەر گوڵ لە هەفتاکانەوە دەینووسی، ئەو تایبەتمەندی خۆی هەبوو لە نووسینداو زۆر لە ژێر چەتری روانگەو گروپی کفری و ئەواندا نەبوو گەرچی لە هەمان چوار چێوەدا دەهات و دەچوو، ئەو دەڵێت :

بە پەیژەی برینی وڵاتما سەرکەوتم تا دیدەم
بارانی بەهاری لێبڕژێ
بە سینگی شاخێکی سەختەوە ئەنیشکم نایە سەر
برینی سەر دڵی
نەمدەویست ئازاری دەستخاتە سەر دڵی برینم
نەمدەویست بە پەنجەی زامدارم
سیمای ئەو سوورتر کەم
برین و سیمایم خستە سەر شانم و بە تەکان ملم نا
تا بڕۆم بگەمە مژینی هەلاڵەی ڕێی ژینم

ئەم شیعرەی گەرچی چەند ساڵێك دوای دەستپێکی شیعری نووسیومو لە ساڵی ١٩٨٠ نوسراوە، بەلام بە ئاشکرا دەیەوێت خۆی بێت و خۆی و کەسی تر نا، شیعرەکەش خۆ تێکەڵکردنێکی جاویدانەیە لە تەك خاك و چیاو نیشتمانداو جارێك چیا ئەو هەڵدەگرێت و جارێکیش ئەو برینەکانی چیا دەدات بە شانیدا .
ئەو لە هێلانەی نغرۆدا کە دیوانی یەکەمیشی بە ناوەوە نراوە هەموو شتێکی خۆی لێتوڕمیە، توڕەبوون خۆی نەبێت کە ئاشنایەتی ئەوەتە دەڵێت :

چاوی خۆمم لێ توڕمیە
دەستی خۆمم لێ توڕمیە
پێستی خۆمم لێ توڕمیە
شیعری خۆمم لێ توڕمیە
ئەوەی تەنها توڕە نیە
توڕە بوونە لە گەڵمدا ئاشنایە
بە پەنهانی
دەمکا بە گژ کەنیشکێکی چاو ئاسمانی
چی پرسیارمە بێوەلامە
هەرچی رازە بە نهێنی سکالامە
هەرچی شیعری پیرۆزو بۆ چاوی ئەو وت
ئەو ئێوارە
لە بەر پێیا هەمووی بووە قەرە بروت

شاعیر چیرۆکی ئازارێکی قوڵ و تایبەت بە خۆی دەگێڕێتەوە، گەرچی لە شوێنی ترو لە شیعری تردا ئازارو برینی ئەوانی تریش باس دەکات، ئەو لە شیعرێکی کورتا روداوەکانی لە خەوهەستانی ساڵانی ١٩٨٢و ١٩٨٣مان بۆ دەگێڕێتەومو دەڵێت :

گزنگ

ئاسۆی سوری شاری کەرکوك
بەرگی رەشی
سەرکاریزو رەحیماوای داپۆشیوە
تەپ و تۆزی
رووی ئازادی و ئەحمەد ئاغای راماڵیوە
واگزنگی ئومێدی کورد
دەڕوانێتە کاروانی دوور
لە پێشوازی سبەینێدا
پێئەکەنێ وەك ئاسۆی سوور
ئەم شیعرە مانگی دووی ١٩٨٣ نووسراوە .
بۆ سلێمانیش شیعری نووسیوە لە یەکێ لەو کورتە شیعرانە داکە رەنگە بۆ کوردستان و سلێمانی نووسیبێتی دەڵێت :

ئێرە
نەئێرە بە جێدێڵم
نەدارو بەردو چیای
نەخۆڵ و خاشاك و رێی
نەپووش و پەلاش و گیای

کۆی بەرهەمە شیعریەکانی مارف عومەر گوڵ بەشێکن لە ئەدەبی قۆناغێکی پڕ لە کەندو لەندی سیاسی کوردو ئەویش وەك کارەکتەرێکی نێو ئەو هەراو زەنایەی بە شۆڕش ناودەبرێت لە ماندوێتی و شەونخونی ناوی بێبەش نەبووە، بۆیە خوێندنەوەی شیعرەکانیش بەشێکن لە ئاوێنە نمای سەردەمەکەی، بە ئومێدی خوێندنەوەی .
دکتۆر مارف عومەر گوڵ شاعیرو توێژەرو مافناس و دکتۆرا لە بواری یاسای نێو دەوڵەتی، سەرەتای ئەمساڵ بە نەخۆشی گەڕایەوە بەردەم دلۆڤانی یەزدانی مەزن و لە گوندی هەشە زینی زێدی خۆی بە خاك سپێردرا .

جلوبەرگی کورد (٢)

تاریق کارێزی

بە هیوام خوێنەری بەڕێز لەگەڵ ئەم بابەتەدا پشووی درێژ بێت. لە لایەك بابەتەکە زۆر قووڵ و فراوانە، چونکە کورد دەوڵەمەندترین نەتەوەی جیهانە لە ڕووی پۆشاك و جل و بەرگەوە. لە لایەکی دیکەوە سنووری بڵاو کردنەوەی بابەت لە گۆڤاردا دیاری کراوە. ئێمە و ئێوە، لە درێژەی باسی ئەم بابەتەدا، لەم ئەڵقەیە و لە ئەڵقەکانی داهاتووشدا، بە یەك دەگەینەوە.

ڕەهەندی مێژووییانەی پۆشاك

پاڵپشت بە دەقە قورئانی پیرۆز، کەشتییەکەی حەزرەتی نووح (س) دوای کۆتایی هاتنی لافاو، لەسەر چیای جوودی گیرسایەوە و لەنگەری گرت، ئەم چیایە کەوتووەتە ناوەندی کوردستانەوە، هەر بۆیە مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسان بەو جۆرە پەسنی کوردستانیان داوە و گوتوویانە، یەکەمین زێدی دووەمین وەچەی بەرەی مرۆڤایەتییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، نیشتیمانی دووەمین بەرەبابی بەرەی مرۆڤایەتی کوردستانە، ئەو کنە و پشکنینەی لە لایەن تیمەکانی شوێنەوارناسی بیانییەوە لە چەند شوێنێکی کوردستاندا کراوە، پەیوەست بە نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە دێرە زەمانەوە لە کوردستان، زۆر بەڵگە و گەواهیی زانستیی بە دەستەوە داوە.

لە عێراقدا، (مۆزەخانەی عێراق) لە گۆڕەپانی مۆزەخانە نزیك ترمینالی عەلاوی حیللە لە بەری کەرخ لە شاری بەغدا، تەنیا مۆزەخانەیەکی دەوڵەمەند و گەورەی پاشماوە و شوێنەوارە لە تەواوی وڵاتەکەدا، لەو مۆزەخانەیەدا ئێسکە پەیکەری مرۆڤێك نمایش کراوە، کە ٤٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ژیاوە، کە لە ئەشکەوتی شانەدەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێردا دۆزراوەتەوە. پار (٢٧٢١ی کوردی/٢٠٢١ز) هەر لە ئەشکەوتی شانەدەر، ئێسکە پەیکەری مرۆڤێك دۆزرایەوە کە هی ٧٥ هەزار ساڵ بەر لە ئێستایە. پسپۆرانی شوێنەوار دووپاتی دەکەنەوە، ئەشکەوتی شانەدەر مێژووی ١٠٠ هەزار ساڵی مرۆڤایەتیی تێدا تۆمار کراوە، چین لەسەر چین پاشماوەی زمویی ئەشکەوتەکە تۆمارێکی یەکجار گرنگ و هەستیاری مێژووی مرۆڤایەتییە، شوێنەوارناسی سۆڤێت (گاربۆفسکی) لە کتێبی (نهێنیی کۆنترین مێژوو)دا ڕوونی دەکاتەوە، لە نێو تۆماری چین بە چینی پاشماوەی سەر زمویی ئەشکەوتی شانەدەر، مێژووی لافاوەکەی حەزرەتی نووح زۆر بە ڕوونی دەخوێندرێتەوە، بە گوێرەی تۆماری شانەدەر، لافاوەکە بۆ ماوەی ٨ تا ١٢ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

ئامانجی ئەو کورتە باسەی گەڕانەوەمان بۆ مێژوو، ڕێ خۆش کردنە بۆ ئەوەی گریمانەیەکی ماقووڵ بخەینەڕوو کە دەڵێت، بەوەی مرۆڤ لە ناوچە و وڵاتێکدا لە دێر زەمانەوە ژیاوە، هەر دەبێت ئەو مرۆڤە کرد و کۆششی بینا و کار و داهێنانی کرد بێت، ئەمانەش تەژین لە دەسکەوت و بەراتی شارستانی، بە تایبەتی کە شوێنەوارەکانی کوردستان هێندە زۆرن، بەڵگەی زۆر بەهێزیش لەم ڕووەوە بە دەستەوە دەدەن. پۆشاکیش نیشانەیەکی گرنگە لە نێو نیشانەکانی ژیار و شارستانیەتی هەر گەل و نەتەوەیەك. پاڵپشت بەو ڕاستییە، تیرە و نەتەوەکانی زاگرۆس، تۆرۆس و باکووری دووچۆمان (میزۆپۆتامیا)، ئەو جوگرافیا فراوان و هەستیارە بە درێژایی مێژوو، زێد و نیشتیمانی باپیرانی کورد بووە، بۆ نموونە ناوی نەتەوەکانی (لۆلۆ، گووتی، هووری، میتانی، کیشی، ئیلامی، سۆباری.. هتد) دەهێنین، ئەمانە باپیرانی کوردن، پۆشاك و بەرگی ئەوتۆیان پۆشیوە کە لەگەڵ ژینگەی وڵاتەکەیاندا گونجاوە، گەلێك نەخش و

پەیکەر و دیواربەند هەن لە شاخ و بەرد داتاشراون، چەندین نموونەی جل و بەرگی باوی چین و توێژەکانی سەردەمی بالادەستیی ئەو تیرە و نەتەوانەی باپیرانی کورد دەخەنەڕوو. ساڵی ٧٠٠ی (پ. ز.) بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کورد دادەندرێت، میدی کە لە ڕووی سەردەمەوە، نزیکترین تیرەی باپیرانی کوردن، ئیمپراتۆریەتێکی مەزنیان دامەزراند، لە ڕۆژاوای ئەنادۆڵەوە دەستپێدەکرد تا ناوەڕاستی ئاسیا. گەورە مێژوونووسانی گریك و ڕۆم، هەروەها هەردوو کتێبی پیرۆزی تەورات و ئینجیلیش، باسی شارستانیەتی مەزنی میدیا و سیستەمی تۆکمە و باڵای کارگێڕییان دەکەن، ئەو پۆشاکەی لە دەرباری پاشایانی میدیا باو بوو، فارسی هەخامەنشی لاسایی کردەوە و بۆ خۆی برد، نەك هەر ئەوەندە، هەرچی بنەمای شارستانیەت و ژیاری میدیا هەبوو، هەخامەنشی بۆ خۆیان برد و لە حوکمڕانیدا پەیڕەویان کرد.

قسەی ئەم بڕگەیەمان، بەراییەکە بۆ ناوەڕۆکی بڕگەی داهاتوومان.

پۆشاکی دێرین

قسەکردن لە بارەی پۆشاکی گەل و تیرەکانی دێرینی کورد، ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤناس و مێژوونووس و ئەرکیۆلۆژیست و توێژەرانی شارستانیەت و شوێنەوارناسان، بەوەی ساخکردنەوەی ئەم لایەنەی شارستانیەتی کورد، پێویستی بە کنە و پشکنین و لێکۆڵینەوەی وردی زانستی هەیە.

دێینە سەر جل و بەرگی سەدەکانی ناوەڕاست، پەیوەست بەم قۆناخەی مێژووی کوردستان، کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشکەش کردنی نموونەی هەڵبژاردە لە جل و بەرگی کورددا هەیە، ئەو پۆشاك و بەرگەی لە سەردەمی ئیسلامدا لە کوردستاندا باو بوون، ئەویش لە ڕێی ئەو وێنە و نیگار و هێڵکارییانەی کێشاویانن، هەروەها ئەو نووسین و یاداشت و لێکۆڵینەوانەی لە بارەی کوردەوە کردوویانن. واتە ئەو کەرستەیەی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدە و کوردناسان لە بارەی پۆشاکی کوردەوە تۆماریان کردوون، بە دەقی هونەری یان دەقی نووسین، پەیوەست بە تەرزەکانی پۆشاکی کورد لە هەزارەی دووەمی زایینداا، ئەمانە ئێستا بوونەتە چاوگ و ژێدەری زۆر گرنگ و باو.



لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، پۆشاك بە گوێرەی هەلومەرجی ژیانی گەل و ئەو گۆڕانەی لە بواری کولتوور و شارستانیەت بەسەریدا دێت، ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت و دەسکاری دەکرێت. ئەمەش دۆخێکی چاوەڕوان کراوە. هەڵبەت هەر گۆڕان و دەسکارییەکی بەسەر جل و بەرگدا دێت، هەردەم لە خولگەی میراتی شارستانی و ژیاری نەتەوەدا دەخولێتەوە. زۆر جاریش کولتوور و میراتی گەل و نەتەوەکانی دی، لەم ڕووەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی چڕیان دەبێت. گۆڕان و دەسکاریش بەدەر نییە لە داهێنان، لە پاڵ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی تازە باوی ژیاندا.

لە هەموو بارودۆخێکدا، تەرزەکانی پۆشاکی باو لە نێو توێژەیلی هەمەجۆری کۆمەڵدا، هەمەڕەنگی و جیاوازی دەنوێنێت، ئەویش بە گوێرەی دابەش بوونی جڤاك بەسەر چین و توێژی هەمەجۆردا، هەروەها بە گوێرەی پیشە و کەشی ناوچە و شوێن و تۆپۆگرافیای هەر دەفەرە. پاڵپشت بە قسەکانی پێشوومان، جل و بەرگی کورد (هی پیاوان بێت یان ژنان) هەردەم هەمەڕەنگ و هەمەچەشنە، بەرین و فەڕاحە، لەگەڵ ژینگە و کەشی کوردستاندا دەگونجێت. پۆشاکی جووتیارانی کورد بە گشتی بریتی بووە لە شەروالی فەڕاح لەگەڵ چاکەت و کورتەك و چۆخە و مرادخانیی پڕ بە بەشی سەرەوەی جەستەی مرۆڤ، وێڕای پشتێنێکی بەرین و چەند مەتر درێژی کوتاڵ، کە بۆ چەند جارێك بە دەوری کەمەر و پشتی پیاودا دەسووڕێتەوە، لە هەندێك شوێنی کوردستان، ژنانیش پشتێنی کوتاڵ دەبەستن. پۆشاکی ژنانی لادێ بریتییە لە کراسێکی پان و پۆڕ و ئاودامەن، جگە لە ئاوەڵ کراسی درێژ و دەرپێی فش و درێژ و سوخمە و هێلەك و چارۆگە و بەرانبیل و سەر و شەدە و هی دیکەش.

ئینسکلۆپیدیای ئەلیکترۆنیی (ویکیپیدیا) بەم جۆرە باسی پۆشاکی کورد دەکات:

«جل و بەرگی کورد پۆشاکی بۆنە و یادی خۆشە، چونکە فرە ڕەنگە و فرە نەخشە و لە کوتاڵی نایاب دروست دەکرێت.» ویکیپیدیا دەشڵێت «پیاوان شەروالی فش و پان و چاکەت (چۆخە) یەك لە هەمان ڕەنگ دەپۆشن، پشتێنیش بریتییە لە کوتاڵێکی پان و پۆڕ و سووك بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی ڕانك و چۆخەکە، دەشکرێ گوڵدار و ڕەنگین بێت.»

چایخانەی مەجیدییە

شوێنی کۆکردنەوەی ڕۆشنبیران و ئەدیبان و کەسایەتیە ناسراوەکانی کەرکوک

چایخانەی مەجیدییە لەسەر شێوازە کلتورییەکەی نۆژەندەکرێتەوە

دوابەدوای دەستکردن بە روخاندن و کارکردن لە بینایەکی نزیکی چایخانەی مەجیدیەی شاری کەرکوک لەلایەن وەبەرهێنەرێکەوە، وا بڵاوکرایەوە، چایخانەی مەجیدییە بکرێت، کە مێژوویەکی دێرینی لەکەرکوک هەیە دەکرێت بە مۆڵێکی گەورەی بازرگانی، ئەمەش کاردانەوەی جیاجیای بە دوای خۆیدا هێنا، فەرمیدون عادل، بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکوک دڵنیایی دەدات و دەڵێت:« چایخانەکە ناڕووخێندرێت، بەڵکو لەسەر هەمان شێوازە کلتورییەکەی پێشووی نۆژەندەکرێتەوە.

شوێنی چایخانەکە مۆڵکی شارەوانییەو لە ساڵی ٢٠٠٣وە چایخانەکە داخراوەو تائێستا چۆڵە.

چایخانەی مەجیدیە، یەکێکە لە چایخانە بەناوبانگ و هەرە کۆنەکانی شاری کەرکوک، بەپێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی دروستکردنی چایخانەکە بۆ ساڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتەوە، ئەوەش لە سەردەمی عەبدولمەجید پاشا، کە بەڕێوەبەری ئەوسای شارەوانی کەرکوک بووەو ناوبراو لە پێکهاتەی کورد بووە، چایخانەی مەجیدییە هاوشێوەی چایخانەی شەعب لە سلێمانی و مەچکۆی هەولێرە و سەردەمانێك شوێنی کۆکەرەوەی نوسەران و ڕۆشنبیرانی پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی کەرکوک بووەو ببوە سەکۆیەك بۆ ئالوگۆڕکردنی بیروڕاکانیان.

چایخانەکە شوێنی دانیشتنی زیاتر لە نزیکەی ٢٥٠ کەسی لێدەبۆوە، هەروەها حەوزێکی ئاویشی تێدا بووە، کە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی شارەکە لە چوار دەوری حەوزەکەدا کۆدەبونەوەو کۆڕی ڕۆشنبیریی و ئەدەبییان ڕێکدەخست، هەروەها شوێنی کۆبونەوەو دانیشتن و یەکتربینینی خەڵکی شارەکە بووە، هاوکات سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» لەوێ لە دایکبووەو ئاوازی بۆ دانراوە لەلایەن شێخ حوسێن بەرزنجییەوە.

سەبارەت بە ناوی مەجیدییە، لەلایەن پسپۆران و مێژوو نوسانەوە چەندین ، بۆچونی جیاواز هەن، بۆچوونێك دەڵێ، نرخی چای لە چایخانەکە بەیەك (مەجیدی) بووە، بۆیە ناویان ناوە مەجیدیە، هەندێکی تر دەڵێن، بەناوی (عەبدولمەجید)ی سوڵتانی عوسمانییەوە ناو نراوە. بەڵام دروستترینیان ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٢٨ (عەبدولمەجید پاشای یاقووبی) کە کەسایەتییەکی کوردی دەوڵەمەندی شارەکە بووە، سەرەتا سەرۆکی شارەوانی بووەو دواتر کراوە بە موتەسەریفی کەرکوک، چایخانەی مەجیدیەو شەقامێك و باخچەیەکی گەورەی دروست کرد هەر بەو ناوە، واتا بەناوی (مەجید یاقووبی)یەوە ناو نراوە (مەجیدیە).

گرنگیی چایخانەکە لەوەدایە پێگەیەکی جیۆگرافی زۆرباشی هەبوو، کەوتە سەنتەری شارو دروست نێوان زۆربەی فەرمانگەو دەزگا حکومییەکان وەك (ڕەگەزنامەو نەخۆشخانەی گشتی و دادگاو پۆلیس و پەروەردەو بانك و شارەوانی)، سەرەتا (مام باپیر عەلی) وەك سەرپەرشتیاری چایخانەکە لەلایەن شارەوانییەوە دادەمەزرێت، تا ساڵی ١٩٣٥ ڕادەستی (حاجی سابیر سدیق کاروانچی) دەکرێت، ئەمیش هەندێ گۆڕانکاری تێدا دەکات و فراوانی دەکاتەوە.

سەلاحەدین کوڕی حاجی سابیر لەدایکبووی ١٩٦١ ناوسراو بە (سەلاح مەجیدیە) لەبارەی چایخانەکەوە دەڵێت:« لەبەرئەوەی چایخانەکەمان کەوتبووە ناوەندی فەرمانگەو دەزگا گرنگەکانی حکومەت و زۆربەی خەڵکی کەرکوك و دەوروبەری ڕوویان تێدەکرد، بەتایبەتی کەسایەتییە ناودارەکان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و سەرۆك هۆزانەکانی وەك شێخ عەبدولقادر تاڵەبانی، باوکی عەمید فەرمیدون، شێخ موکەرەم تاڵەبانی، شێخ عەواد مهاوش، شێخ پیرۆت، بورهان بەگ، سابیر بەگ، بەها بەگی ساری کەهیە، حاکم تەها ناجی بەگ و شەفیق بەزاز.

بە وتەی سەلاحەین «عەبدولسەلام عارف کاتێك ئەفسەر بوو لە فیرقەی دووی کەرکوك، بەردەوام هاتوچۆی چایخانەی مەجیدیەی کردووە، کە دواتریش بوو بە سەرۆك وەزیرانی عێراق هەر جارێك بهاتایە بۆ کەرکوك، سەردانی چایخانەکەی دەکردو یادەوەرییەکانی خۆی دەگێڕایەوە« ئەوەشدەخاتەڕوو:» ژمارەیەك هونەرمەندو نووسەر هەمیشە ئامادەبوونیان هەبووە لە چایخانەکە، وەك(مامۆستا عەلی مەردان، ئەکرەم دووزلی، هیجری دەدە، عەبدولا سەراج، محەمەد سابیر، مەحمود یوسف عومەری مەقامبێژی عێراقی، نووسەری تورکمانی فاروق مستەفا، عەتا تەرزی باشی و یوسف حەیدەری).

سەلاح مەجیدیە، لەبارەی بیناسازی چایخانەکەوە ئاماژەی بەوەکردووە «جگە لە شوێنی دانیشتن کە بریتی بوو لە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کورسی، حەوزێکی ئاویشی تێدابوو، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە دەوری حەوزەکە دادەنران و ڕۆشنبیران لە دەوری حەوزەکە دادەنیشتن و بڵاوکراوەکانیان دەخوێندەوە، هەروەها شوێنی تایبەتی تێدابوو بۆ نوێژکردن، لە ساڵی ١٩٧٩ نۆژەن کرایەوە بەهەمان نەخشەی جارانی، واتە شێوازەکەی وەك خۆی مایەوە، بەڵام بە کەرەستەی نوێ و پێشکەوتووتر لە جاران.

بەوتەی سەلاح، ساڵی ١٩٧٤ کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، چایخانەکە ڕادەستی عەلائەدینی برا گەورەیان کراوەو بووە سەرپەرشتیاری، دواتر تەیبی برای و دوای ئەویش خۆی واتە(سەلاح مەجیدییە)، تا ڕژێمی بەعس بڕیاری دا هەموو شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپوورییەکان لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ بکرێن، تەنیا چایخانەی مەجیدییە لەسەر ئەوان تاپۆ نەکرا، لەبارەی هۆکارەکەشی وتی«لەبەرئەوەی بەعسی نەبووین». دواتر چایخانەکە ڕادەستی نووسەری تورکمانی جەلال پۆلات و قاسم حەمید فنجان کرا، تا کاتی داخستنی.

سەید حەکیم سەید محەمەد بەرزنجی لەدایکبووی ١٩٣١ـە و لە گەنجییەوە هاتوچۆی چایخانەکەی کردووە، ئەو لەبارەی ناوبانگ و گرنگی چایخانەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە لەبەرئەوەی بە بەردەوامی چینی ڕۆشنبیر و خوێندەوار چوونەتە چایخانەکە، خۆم زۆربەی نووسەرو هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی کوردو تورکمان، وەك هەژاری شاعیر، شکور مستەفا، قانع، دڵدار، شێخ عەبدولخالق ئەسیری، شێخ حوسێن بەرزنجی و مستەفا نەریمان بەداخەوە کە ناوی هەندێکیانم بیر نەماوە، لەوێ دەمبینین.

ئامادەی بەومیش دا «ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم دڵداری شاعیرو شەهید شێخ حوسێنی بەرزنجی ئاوازی سروودی (ئەی ڕەقیب)یان لەو چایخانەیە دانا، چونکە جارێکیان لە تەنیشتمەوە دانیشتبوون باسی ئاوازی سروودی ئەی ڕەقیبیان دەکرد».

بە وتەی سەید حەکیم سەید محەمەد بەرزنجی «جارێکیشیان حاجی سابیر خاوەنی چایخانەکە گێڕایەوە کە لە ناوەڕاستی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو گۆرانیبێژی بەناوبانگ سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی زیاتر لە مانگێك بەڕۆژ چووەتە چایخانەکە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کوڕێکی بە قاچاخ هاتبووە کەرکوك و گیرابوو، وابزانم شێخ حەسیب تاڵەبانی کە خۆی کەسێکی دەنگخۆش و ڕۆشنبیر بوو، ئازادی کرد، هەر کەسێك بهاتایە بۆ کەرکوك و لە هەر فەرمانگەیەك کارێکی هەبوایە، بۆ پشوودان دەهاتە چایخانەی مەجیدییە«.

ئەو پیاوە بە تەمەنە ڕوونی دەکاتەوە کە سەرەتا ناوی (قاوەخانە) بوو، بەڵام دوای ئەوەی عەرەبەکان هاتوونەتە کەرکوك نەیاندەزانی بڵێن (قاوەخانە) دەیانگوت (مقهی)، بۆیە پێم باشە وەك سەرەتای دامەزراندنی هەر پێی بڵێن (قاوەخانە)، بە تەواوەتی نازانم کەی دامەزراوە، بەڵام دەزانم بەناوی مەجید بەگی دووەم موتەسەریفی کەرکوك لە سەردەمی پاشایەتی ناو نراوە.

دەشڵێت:» قاوەخانەیەکی بەناوبانگ بوو، ناوداران و پیاوماقوڵانی شاری کەرکوك و دەوروبەری لەوێ دادەنیشتن وەك دارا بەگ، مدحەت ئاغای داودە، شێخ جەبار جەباری، شێخ محەمەدی شێردەرەو شێخ تاهیری قەرەدەرە، حەز دەکەم لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەم لەسەر شێخ تاهیری قەرەدەرە، ئەو کەسایەتییە لەگەڵ هەستانی لە قاوەخانەکە، پارەی هەموو ئامادەبووانی دەدا، جا ناسیاوی بوونایە یان نا. بەدەگمەن تورکمانەکان و ئاغاکانی کاکەیی دەهاتن بۆ قاوەخانەکە، بەڵام عەرەب بەهیچ شێوەیەك لە شارەکەدا نەبوون، بۆیە قەت لە قاوەخانەکە بەدی نەدەکران.

نامە

(پارچەیەك لە خەمی من)

شەڕ خەریکبو کۆتایی بێت و
تۆش ئۆخژمن بکەیت،
بە یادی زوو...
پڕبە گەروت، هەوای ئازادی هەڵمژیت و
ناخت پڕ بکەیت لە خۆشی.
بۆ ئەمە خۆت کۆ بکەیتەوە...
پرچە پژەکەت شانە بکەیت و
بۆ پشتەوەی هەڵدەمیتەوە،
دوو شەپ ئاوی ساردوو زەلال
بە ڕوخسارە تۆز لێ نیشتوە کەتا بدەمیت،
چاوە کانت بە کلی جاران بڕێژیت و
خۆمانە برۆ و برژانگت ڕێك بخەیت.
لێوە قەتماخ گرتوە کەت سورنا...
چونکم خووێنێکی زۆرت لە سەر ڕژاوە،
بە پەمەییەکی کاڵ،
لە ڕەنگی ئەو گوڵە هێرۆ یانەی
لە نێو تەبارەی گەنم و جۆدا بالایان کردووە.
جلێکی ڕەسەن لە بەر بکەیت و
ملوانکە یەکی مێخەك بە سەرا بەردە یتەوە.
چراکانیش لە ئەزەلەوە داگیرساون،
تا چاو بڕکات ئەو دەورو بەرەیان
ڕوناك کردۆتەوە.
پەنجە مۆریشت بۆ کراوە...
سەدا ٩٩ بۆ ئاهەنگە کەت
ئامادە بیان نیشان داوە.
هەیهۆ... هەیهۆ لە بەختی تۆ...
هەر ئەوەندەت زانی،
خراویتە ناو گەمە یەکی سیاسی و
بەرژەوەندی دەورو بەرەوە،
شیر باییە کەت لە نێو براکان
هەرای ناوەتەوەو...
قورێکی خەستت بۆ گیراوەتەوە،
تا سەری خۆتی لێ بنێیت!
ئەوەتا لەشکر پەرتو بڵاوەی لێ کراو
گەواهی دەران پەشیمان بونەوە.
داخەکەم تۆش، بە قەیرەیی
دە مێنیتەوە،
تا کات و زەمەنێکی نا دیار... کەرکوك!!.

• سەلمان شێخ بزێنی

قاوەخانەی جوانی

هەوڵێك بۆ سان کردنەوەی ژیان

خێزانی بەختەوەر

ژیانمان جوان وسادە بوو، بەڵام بە هەندێ بیرۆکەی ناجۆر ئاڵۆزمانکرد

■ عبدالله النعیمی

■ **بەکوردیکردنی: هەڵمەت هۆشیار**

بەبێ هیچ پێشەکییەك پەچەکەی لە خۆی ئالاند و هاوشێوەی ئافرەتێکی پێگەیشتوو هەڵسوکەوتی دەکرد، بە وریاییەوە دەهاتودەچوو و گفتوگۆی ئەنجام دەدا، لە کاتێکدا هێشتا تەمەنی لە سیانزە ساڵ تێنەپەڕی بوو.

لە کوڕانی بنەماڵەکەی خۆی کەنارگیرکردو بە بوونی کوڕانی هاوتەمەنی لە ماڵەکەیاندا دەچۆیە ژوورەکەی خۆی لە کاتێکدا پێکەوە گەورە بوون، دایکیشی ناچار دەبوو بۆ روونکردنەوەی دۆخەکەی پێیان بڵێت:«مەریەم گەورە بووە و ئیتر شیاو نییە لە نێو ئێوەدا بێت».

هەر زوو لە بابەتەکە تێگەیشتن، بۆیە پێویستی بە روونکردنەوەی دیکە نەبوو، ئەمە رەوتی ژیانە بە منداڵی پێکەوە گەورە دەبین و گەورە دەبین بۆ ئەوەی لێکدابڕێین و رۆژانە لەگەڵ گەورەبوونمادا بەربەستەکانی نێوانیشمان باڵاتر دەبن، تا دەگاتە ئەوەی هاوڕێی کچەکانی کارمان لە کچە خاڵ و کچە مامەکانمان لێمان نزیکترین ئەوانەی پێکەوە گەشەمان کرد و گەورە بووین و پێگەیشتین.

ئەمە دابی ئێمەیە، ناتوانین بیگۆڕین یاخود گاریگەریی لەسەر دروست بکەین، ئەم تێڕوانینانە لە نێوان هەموو خێزانەکاندا وەکو یەك نین، رەوەندەکان بە جۆرێك بیری لێدەکەنەوە و گوندشینانیش بە جۆریکی دیکە و ناوچەگەشتیاریی و کەنار دەریاییەکانیش بە شێوازێکی تر.

خوێندن و خوێندنەوە، ئاستی زانستی و بیرکردنەوەی دایباب و بژێوی و ژیان لە دەرەوەی وڵات، کۆمەڵە هۆکارێکن کاریگەریی خۆیان لەسەر تێڕوانینەکانمان جێهێشتووە، بۆیە ئەگەر جیاوازیی لە نێوان خێزانەکانی یەك کۆمەڵگەدا ببینین، تا رادەیەکی زۆر بابەتێکی سروشتییە.

شەوێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا لە یەکێك لە چیاکانی نزیکی شار دانیشتبووین و بە دیار ئاگری مەقەڵییەکەوە لە گروپێکی گەورەم دەڕوانی کە نزیکەی ٣٠ کەسێك دەبوون، دیار بوو لە چەند خێزانێك پێکهاتبوون و پێکەوە بۆ گەشت هاتبوون، پێکەوە دانیشتیان و ئامادەکردنی خواردن بە هەرەوەزی و قاقای پێکەنینیان جوانییەکی تایبەتی بەو شەوەی من بەخشی، بە جۆرێك هەرگیز بیرم ناچێتەوە.

ئەم خێزانە تۆوی بیرکردنەوەی ئەرێنی درووێنە دەکەن کە گەورەکەنیان لە نێو بیری بچوکەکاندا چاندویانە، ئیدی باپیر و داپیر بێت یاخود دایبابەکانیان بێت، ئەم بیرکردنەوانە لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان و لێکتێگەیتشنی دروست بونیادنراوە و کارێکی کردوە پەیوەندییەکی بتەو تاکەکانی ئەم خێزانە پێکەوە ببەستێتەوە و بە جۆرێك کچ وەکو برا مامەڵە لەگەڵ کوری پوریدا بکات و ئەویش هاوشێوەی خوشکەکەی بیلاوێنێ، ئەمانە بە خۆشەویستی و رێزەوە پێکەوە دەژین و رایەڵەی بەها پیرۆزەکانی کۆمەلگە پێکەوەیان دەبەستێت و پەیوەندییەکی مرۆڤانەیان هەیە، کە دەڵێی لە تەمەنی منداڵییەوە و لەگەڵ شیری دایکیاندا نۆشیویانە و پێی پەروەردە بوون.

ئەگەر پەنجا ساڵ یان زیاتر بگەڕێینەوە دواوە دەبینین باپیرانمان خاوەنی چ رۆشنبیرییەکی رەسەن بوون و چۆن هەلسوکەوتەکانیان بێ مەبەست و راستگۆیانە بووە و چەند سادە وساکار ژیاون.

جاران ژیانمان جوان وسادە بوو، بەڵام بە هەندێ بیرۆکەی ناجۆر ئاڵۆزمانکرد، ئێستا بە جۆرێکە پەیوەندیمان لەگەڵ نزیکترین کەسەکانماندا شێواوە و لە هەڵبەز و دابەزدایە، تەنانەت شادییەکانمان لە بۆنەکاندا کەم و کوڕی هەیە.

کەرکوکی زادە
شێخ محەمەدی خاڵسی

سیروان بەرزنجی

ناوی تەواوی شاعیرمان: شێخ محەمەد خاڵسی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کوڕی (شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵس)ە، ناوبراو لەساڵی (١٨٧٦) لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانست و تەسەوف لە گەڕەکی بەر تەکیە لە شاری کەرکوك چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.
لە خانەدانی خۆیان پەروەردەو گەورە بووە، کاریگەری شیعرەکانی باپیری و باوکی لەسەر بووە، بۆیە ئەمیش لە ئەنجامدا شاعیرێکی بە توانای لێ دەرچووە، بە سێ زمان شیعری نووسیوە: (کوردی، فارسی، تورکی)، نازی شیعری (خاڵسی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە، ئەو ناز ناوەش لە باپیرییەوە وەریگرتووە، چونکە باپیری نازناوی شیعری (خاڵس) بووە، بەڵام شاعیرمان یایەکی بۆ زیاد کردووە، واتە: (خاڵسی).
مرۆڤێکی بە خزمەت و هەڵکەوتوو بووە و لە دامودەزگاکانی ئەوسەردەمە کاری کردووە بۆ نمونە: لە ساڵی (١٩١١) لەگەڵ والیی موسڵ (سلێمان نەزیف) پەیوەندی بەهێز بووەو کردوویەتی بە قایمقامی شارۆچکەی دهۆك کە ئەوسا قەزایەك بووە سەر بەوڵایەتی موسڵ، لە هەمان ساڵدا بە بۆنەی بنیادنانی مزگەوتی (ئیبراهیم بەگی تکریتی) لە کەرکوك شیعرێکی بە فارسی نووسیوە و لەسەر دەرگای حەرەمی مزگەوتەکە لەسەر بەردێك هێلکاری کراوە، لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا وەك مەئموری دەوڵەت لە زۆربەی شارەکانی تورکیا گەڕاوە، پاش کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی، گەڕاوەتەوە بۆ شاری کەرکوك.

خاڵسی: لە سەردەمی حکومەتەکەی شێخ مەحمودا قایمقامی قەزای ڕانیە بووە، دواتر بە فەرمانی شێخ مەحمود لەسەر وەزیفەکەی لادەبردرێت، پاشان لەلایەن کەسانی نەفس نزم دەچنە سەر ماڵەکەی لە ڕانیە و تاڵانی دەکەن، ئەمجا خاڵسی بەم پارچە شیعرە هەجوو ئامێزە ڕەوانەی شێخ مەحمود دەکات:

لە پاش دامان و پا ماچ کردن عەرزی دوعا خوانی
وەرین دەست پێ ئەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی
ئەڵێ بۆچی دەرت کردم؟ ئەگەر پاست نەکەم بەخوا
هەموو چەڵتووکەکەت ئەخوا بەرازی قوتبی ڕەببانی
یەکانە و پەڵخ و مالۆسی قەوی و قۆڵی گەلێ زۆرە
بەری ملیان لە کوێ ئەگری پشیلەی کانی ئاسکانی
لە پاش تاڵان و عەزل و لانەواز و خانە وێرانی
حەواڵەی خۆت ئەکەم قوربان چلۆن بێم بۆ سلێمانی
لەبەر چاوت وەکو یەك وایە بێ فەرقن لە خزمەت تۆ
شەهێن و حاجی لەقلەق، شێر و ڕێوی، مورشید و جانی
کەر و گا خەرجی بار و جووتە هێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخا و ڕەئیس و میری دیوانی
بە یار کێڵان و گای لەڕ، پیر و کچ خواستن، ژن و تەدبیر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسك، بۆق و سەردار، جرج و ناوکانی
عەبا و کەر، فێس و ڕێوی، ورچ و شەبقە، مێزەر و مەیمون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم، قەحبەو وەفا، ناموس وسۆزانی
لە کوێت دۆزینەوە ئەم کوێر و قۆڕانەی لە خوا عاسی
چلۆنت کەوتە خاتر مشکە کوێرە و ورچی کوێستانی
هەموو شێر و پڵنگن وەختی نان خواردن لە ئەترافت
سمێڵ بابڕ کفن درۆ کەللە خڕ پەرچەم مەریوانی
دوعات با بۆ بکەن، ئەممە بە تەدبیریان نەکەی زینهار
مەلا و دەروێش و سۆفی و شێخەکانی لوقمە باتمانی
لە ڕۆژی وا پیاوێ چاترە بۆ تۆ لە دوو سەد کەس

هەزاری لیرەیەك ناکا دە پارە و پوولی تارانی
لەسەر ئەم مەسرەعە لادەم بچم بۆ مەسرەعی سانی
بڵێم ئەی پاسەوانی میللەت و ڕێگەی موسڵمانی
وجودت فەخرە بۆ من چونکە لای من فەخری کوردانی
نەوەی کاك ئەحمەد و نوتفەی حوسێن و شێری یەزدانی
ئەلا ئەی کوشتەی پەیکانی هیجرانت دڵی ئەحزان
ئەلا ئەی کوشتەی پەیکانی هیجرانت پیری کەنعانی
تو با یارن همان کردید کە باید کرد با دشمن
تو با دشمن چنان کردی کەوی را رنجە نتوانی
هەتیو چیت کرد زمانت وەرگەڕێ غەڵەتێکی گەورەت کرد
لە لای خۆت شاعیری هێشتا قسەی پیاوانە نازانی
خراپی چاکەیە زامی شفایە حیددەتی حیلمە
جنێوی فەخرە تاڵانی عەتایە عەفوە عینوانی

کەرەم کار و وەفادار و وەلی خوڵق و عالی کردار
تەبیعەت چاك و تینەت پاك دڵ پڕ نوور و نوورانی
فەلەك مل شۆڕ ئەکا ئیمرۆ لەژێر پێی ئەسپی شێخ مەحمود
مەلەك مەجبوورە بۆ ئەمڕۆ ئیتاعەو حوکم و فەرمانی
ئەوەندەی باری تەعنە کەوت بە ملدا خاڵسی ئەمڕۆ
ئەهاتە خزمەتت قوربان وەلێ زامدارە سەر شانی

لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠ بۆ ١٩٢١) بووە بە قایمقامی کفری، یەکەم قایمقام بووە کە بەردی بناغەی قوتابخانەیەکی داناوە و بەو بۆنەوە شیعرێکی بە زمانی تورکی نووسیوە و دەڵێت:
بر باشدە دەماغ اولمەدیسە باش بێلە یۆکدر
بر دیلدە معارف اولمەدیسە بەنجە کوتکدر
(کفری) گبی بر یردە بو مکتب نە بەیویگدر

واتە:
لە کەللە سەرێکدا مێشك نەبێت، ئەو کەللە سەرە بارێکە بەسەر شانەوە، لە زمانێکدا زانستی تێدا نەبێت وەك کۆتەرە دارێکە، لە شوێنێکی وەك کفری ئەم قوتابخانەیە چەند مەزنە.
هەروەها کاتێ قایمقامی کفری دەبێ، بیری کەرکوك و خانەقاو سەید ئەحمەد دەکات، چونکە شێخ محەمەدی خاڵسی پەیوەندی پتەوەی لەگەڵ سەید ئەحمەد هەبوو، بۆیە نامەیەکی پیرۆزبایی بە بۆنەی جەژن دەنێرێت بۆ سەید ئەحمەدی خانەقا و تێدا وەك گلەیی ئامێز ئەم شیعرەی نووسیوە کە دەڵێ:
ئەو لوتفە کە بووت، ئێستە لەگەڵ بەندە نەماوە
وا تێ مەگە هەر کەس کە سمێڵی هەبوو پیاوە
ئەو لوقمە فرێتانە چ ئاغا چ ئەفەندی
وا دەورەی لە تۆ داوە لەبەر چای و پڵاوە
جوونێ بە تەمای جۆن و برێکیان بە تەمای کان
نیوەی بە هەوای گەندومی (مەڵحە) و (شیریناوە)
هەر خاڵسییە خاڵسە ئیخلاسی لەگەڵ تۆ
بێ فێڵ و فەرەج بێ تەمەع و بێ بەن و باوە
چەند ئەسپی لە شوێن خزمەتی تۆ ناڵی فڕێ دا
چەند کەوشی لە ڕێی تەکیە و ناو خاسە دڕاوە
چەند هاتوومتە تەقتەق و شیرناو لە دوای تۆ
چەند جار لە عەلەغێر و ئەبوو خورجە گەڕاوە
ئێستاکە من ئەغیارم و ئەغیارە ڕەفیقت
سا بێ بە خەفەت خۆت مەکوژە مەمرە بە پاوە

کاتێ نامەکە دەگاتە دەستی سەید ئەحمەد و پاش خوێندنەوەی ئەمجا سەید ئەحمەد لەسەر وەزنی نامەکەی شێخ محەمەدی خاڵسی بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە کە دەڵێ:
ئەو حوببە لەمەوپێش کە لەگەڵ تۆ هەبوو ماوە
زیهنت مەکە فاسد بە خەتاکەم نەکراوە
ئەوسا کە سمێڵت نەبوو هەر تۆبووی و ئێستاش
وا تێ مەگە ڕیشم بە سمێڵێ خەڵەتاوە
دێن ئەگەر چی ئەفەندی و بەگ و ئاغا هەموو ئەمما
جێی تۆ کە دڵە ڕێ بە کەسی تر نەدراوە
جەژنی دەمی دیدارمی هاوردەوە خاتر
ئەو نامەی تەبریکە مەڵێ جوابی نەداوە
بەو نەشئەیە وا کەوتمە ناو بەحری تەبەحور
مەللاحێ بەیانم نەبوو بمهێنێتەوە لاوە
لە ساڵی (١٩٢٣) ماڵئاوایی لە ژیان کردووەو لە گۆڕستانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) لەتەنیشت گۆڕی باوکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە خاك سپێردراوە.

سەرچاوەکان:

١- کەرکوك و بزافی شیعری کوردی، کەساس جەباری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨ .
٢- شاعیرانی کەرکوك، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠١٥
٣- دیوانی تاهیر فوئاد کەرکوکی زادە، دەستەیەك لە ڕۆشنبیرانی کەرکوك، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١٩
٤- لە زاری بەڵگەنامەوە، خالید جاف، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٢١

تابلۆ..

گەڕانەوەی پیرسفۆنی

فریدریك لایتۆن* «١٨٩١»

ڕاڤەکردنی : عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ

یەکێك لە شاکارە هەرە جوان و نایابەکانی کایەی شێوەکاری سەدەی نۆزدەیەم؛ تابلۆی ئەفسانەییەیی (گەڕانەوەی پیرسفۆنی)یە، ئەو تابلۆیەی ماجەرای کاراکتەرەکانی پێچەوانەی هەر تابلۆیەکی تر پێشوازیکەر لە سەرەوەو میوان لە خوارەوە سەردەکەوێتە لای، هاوبار میوان لە دیوی ناوەوە دەچێتە لای خاوەن ماڵ لە چۆڵەوانی رووت و تەرادا بەخێرهاتنی لێدەکات، مەتنی ئەم تابلۆیە لەسەر بیرۆکەی (مردن و ژیانەوە) داهێنراوەو زیاتر رۆشنایی خراوەتە سەر گەڕاوەکە لە مردنەوە؛ ئەگەرچی پێشوازیکەر قەبارەکەی گەورەترەو زەقتر دەرکەوتووە.

کاراکتەرەکانی ناو تابلۆکە هەر یەك لە دیمیتەر (خواژنی کشتیاری گریکەکان کە هاوبار دایکی پیرسفۆنی)یەو لە تابلۆکەدا وەك پێشوازی لێکەرێك بە پەرۆشەوە دەستەکانی هەڵبڕیوەو ئامێزی بۆ پیرسفۆنی کردۆتەوە، هیرمێس کە بە تەنیشتی پیرسفۆنییەوەیە خواوەندی بازرگانییە کە هەمیشە کاری پەیامبەری بۆ زیۆس گەورەی خواوەندەکان دەکات. بەڵام کارەکتەری سەرەکی تابلۆکە پیرسفۆنییە کە قژزەردەو بە جەستەیەکی لاوازەوە زۆر بە روونی دەردەکەوێت، چونکە ماوەییەکی زۆر لە جیهانی خوارووی دوور لە رۆشنایی و تینی خۆری بەسەربردووەو تا دواجار ماوەیەکیش کراوەتە شاژنی جیهانی ناوبراو.

سرۆشی ئەم تابلۆیە لە ئەفسانەیەکی کۆنی گریکییەوە وەرگیراوە، پیرسفۆنی لە دەمەو بەیانییەکی بەهاردا گوڵە کێویلەی کۆدەکردەوە هادیسی خواوەندی جیهانی خوارووە چاوی پێدەکەوێت و عاشقی دەبێت و دەیڕفێنێت و بەو مەبەستەی بیکاتە هاوسەری خۆی دەیباتە جیهانی خوارووە، دیمیتەری دایکی کە خواژنی کشتیاریشە لە چۆڵەوانیدا زۆر بۆی دەگەڕێت بەڵام بێهوودە نایدۆزێتەوە، هەرچی پیرسفۆنییە بە خواردنی هەناری جادوویی فریو دەدرێت و دەبێتە هاوسەری هادیس و ماوەیەکی زۆری تەمەنی لەگەڵ بەسەردەبات. دوای هەوڵدانێکی زۆرو لە رێگەی پیاوچاکانەوە رێگە دەدرێت بە پیرسفۆنی بۆ ماوەیەکی کاتی بگەڕێتەوە جیهانەکەی خۆی و سەردانی دایکی بکات و بە یەکتری شاد ببنەوە، ئیتر لەسەر پێشنیاری هیرمیس پیرسفۆنی و دیمیتەری دایکی دوای دابڕانێکی زۆر پێکشاد دەبنەوە.

گەڕانەوە لە جیهانی خوارووەوە وەك گیرۆدەبوون بە مان و بەردەوامی ژیان و زیندوبونەوە لە دژی مردن کە تا ئێستا هیچ لە نهێنییەکانی ئاشکرا نەکراوە؛ ماوەیەکی زۆر مرۆڤەکانی سەرقاڵی دارشتنی چەندین جۆر داستان و ئەفسانەی میللی و تەنانەت ئایینیش کردووە، لەوبارەیەوە لە زۆربەی داستانەکاندا خواوەندەکان دەمرن و چاوەڕوانی زیندووبوونەومیان لێ دەکرێت، نمونەش لەسەر ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لە زۆربەی میسۆلۆجیاکاندا بەرچاو دەکەوێت. ستیس تۆمسۆن لە کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبیاتی میللی ـ ١٩٣٢) دا چەندین بەڵگەی مێژوویی بۆ ئەم مەبەستە هێناوەتەوە، هەر لە سەردەمی ئایینە بەردینەکانی هیندستانەوە تا دەگاتە داستانی گلگامش و دواتر لە بیروباوەڕی فیرعەونییەکان چەسپاوەو هاوبار هەردوو شارستانییەتی رۆمانی و گریکی جەختییان لەسەر کردووەو لەوێشەوە لە تەورات و کتێبی پیرۆزیش باسی زیندووبوونەوە کراوەو چین و ژاپۆنیش کە دوو میلەتی رۆژهەڵاتیی دوورە دەست بوونە لەو شارستانییەتانە، لەو جۆرە ئەدەبیات و فەرهەنگە میلییەی نەتەوە دێرینەکان بەدەرنین.

بۆ یەکەمجار لە کتێبی (پەلکی زێڕین ١٨٩٠)ـی جیمس فریزەر لە بەشی زانستی ئەفسانەی بەراوردکاریدا تەلیسمی ئایین و خولی سروشت لە بووژانەوەی درەختەکان بەپێی وەرزەکان پێکەوە گرێدراون و خوێندنەوەی لەسەر زیندووبوونەوەی هەر یەك لە ئۆزۆریس، تەممۆز، ئەدۆنیس، ئاتێس، دیۆنیسۆس، یۆحەننا (مەسیح)ی کردووە، هەر ئەو کتێبەی فریزەر بووە سەرەتای لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی سەدەی بیستەم و زۆربەی بابەتەکانی سەر بەو ئەفسانانە بوون کە سەر بە تەوەری (مردن و دووبارە ژیانەوە) بوونە کە نیشانەیەکی دیاری ئەفسانە کۆنەکان بوونە؛ چ لە رۆژهەڵات یان رۆژاوا لێوانلێون لە تەلیسمی سەیرو سەمەرە. وەك گەڕاندنەوەی هەندێکیان بۆ ژیان لە هەمان شێوە؛ زۆربەی ئەمجۆرە ئەفسانانە پەیوەست بووە بە خولی رووەکە وەرزییەکان بەتایبەت کە گرێدراون بە خۆراك و زەخیرەوە؛ چونکە هۆکاری سەرەکی بەردەوامی و مانەوەی ژیان بوونە لەسەردەمانی قات و قڕیدا، زەقترین نمونە لەسەر ئەم بابەتە عەشتاری بابلی و پیرسفۆنی گریکییە کە هەر چ ساڵێك باران زۆر بوایە بە هۆیەوە داهاتی کشتیاری و ماڵداری بە پیتوفەڕ بوایە نیشانەیەك بووە بۆ زیندوبونەوەی خواوەندەکانیان و هەر بەو هۆیەوە وەك سوپاسگوزاریی بۆ خواوەنداکان قوربانییەکی زۆر دەبرا بۆ پەرستگاکانیان.

رەنگی زاڵ لە تابلۆکەدا بە زۆری خاکی و سوورەبەردییە کە مانای تەواوی پابەندبوونە بە خولقان و ژیانەوە، تەنانەت دیمیتەری خواژنی کشتیاری هەمان رەنگ بە پۆشاك

و روخسارییەوە دەرکەوتووە، هاوکات هەورێکی سپی تەنك بەشی زۆری ئاسمانی لەم تابلۆیەدا داپۆشیوە، کە بەڵگەیە لەسەر هاتنی بەهارو سەوزایی و وردە درەختیش لە دیوی ناوەوەی دەروازەکەوە سەری هەڵداوەو خوارەوەی تابلۆکە تارماییەو نیشانەی مردنەو هەر بۆیە هەردوو پێیان لەسەروورەو بەر زەوی ناو ئەشکەوتەکە نەکەوتووەو لە جووڵەدان بەرەو سروشت و ژیانەوە ، هیرمس بە دارە جادوویەکەی دەستی و پۆشتەیی تەواو دەرکەوتووە کە بەڵگەی تەواوی ئەفسانەییە بەوەی بەو دارە جادوویە رۆڵی خواوەند دەگێڕێت و بە تەواوی متمانەوە پیرسفۆنی رادەستی دایکی دەکات، هەرچی جەستەی پیرسفۆنییە تەواو لاوزەو تەنانەت تونای بەرزکردنەوەی خۆی نییە تا بگەڕێتەوە ژیان و ببوژێتەوە، بۆیە هێرمس وەك فریادڕەس بە هانایەوە دەچێت و بەرەو سروشت بەرزی دەکاتەوە، « بە پێی سەرچاوە مێژوویییەکان بەهەرەی ئەم ئەفسانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆری قاتوقڕی کە بە هۆی برسێتییەوە قوربانی زۆری لیکەوتۆتەوە».

*** فریدریك لایتون بە ئینگلیزی (Frederic Leighton) و هاوکات بە نازناوی بایرۆنیش ناسراوە.. شێوەکارو پەیکەرتاشی ئینگلیزی لە ٣ـی دێسەمبەری ساڵی ١٨٣٠ لە شاری سکاربۆرۆ لە باکووری یورکشایەر لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا لە دایکبووە.**

شێوەکاری کلاسیزم بووەو زۆربەی شاکارەکانی تایبەت بوونە بە رووداوە مێژوویییەکان بە تایبەت گێڕانەوەکانی ناو کتێبی پیرۆزو چیرۆکە ئایینییەکان و ئەفسانە لاهووتییەکان. لایتۆن سەردارو خانەدانی ناو کۆشکی شاهانە بووە. بە رۆژێك بەرلەوەی پۆستی بایرۆنی پێ بدرێت لە ٢٥ـی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩٦ لە تەمەنی (٦٦) ساڵیدا لە لەندەن بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە.

ئەو هونەرمەندە کوردەی مامۆستای قۆریات و بەستەی تورکمانییە

ئومێد نەجم محەمەد

یەکێ لەو کەسانە بوو لە شەڕی سەفەربەرلك گەڕایەوە ، هاوڕێکانی هەموویان لەو شەڕە کوژران یان لە برسا یان لە سەرما مردن ، ئەم کەوتە دەست هێزەکانی روسیا و سالانێك لە ئەزەربایجان لە زیندان بوو بۆیە دواتر گەڕایەوە کەرکوك و توانی جوانترین گورانی تۆمارکراومان بۆ بەجێبهێڵێت بە هەردوو زمانی تورکمانی و کوردی .
ئەو هونەرمەندە گەورەیەی کەرکوك رەشەی کوڵە ڕەزایە . کە بەمشکی و جامانەییەکی کوردانەوە داهێنانی لە هونەری بەستە و قۆریاتی تورکمانی کرد.

ڕەشەی کوڵە رەزا کێیە؟

یەکێکە لە هونەرمەندە دەنگخۆش و بەناوبانگەکانی کەرکوك. لەساڵی ١٨٨٧ لەکەرکوك لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٧٣ تەمەنی ٨٥ ساڵی بوو کاتێ کۆچی دوایی کرد.
کوردە و لە تەواوی ژیانی هەر جل و بەرگی کوردی (مشکی و جامانە و کەواو سەڵتە) ی لەبەر دەکرد.
هەندێك لە هاوسەردەمی رەشەی کوڵەی ڕەزا باس لەوە دەکەن ڕەشە لە عەشیرەتی جافە، بەڵام لە دوو سەرچاوەی ترم بیستوە کە خۆی وتوویەتی (من خەڵکی دێی قەیتەوانم و ئەسڵم کوردە).
هەر چەندە بە کوردی بەرهەمی تۆمار کراوی کەمی هەن لەچاو بەستەو گۆرانییە تورکمانییەکان، هەر لەبەر ئەمەشە کە تورکمان بەهونەرمەندی خۆیانی دەزانن.

گۆرانیە کوردییەکانی

رەشە چونکە خۆی کورد بوو لە ئەگلەنجە و ئاهەنگەکانیدا زۆرجار بەستە و گۆرانی کوردی دەوت. بەزۆری ئەم گۆرانی و بەستانەی ئەوت (هەی ئاغا و ئاغا، کوڵەنجە کوڵەنجە، یار زمینەب زمینەبا من... ئێوارێ درەنگە نایێ چاو ڕەشا من، ئەگەر یاری منی، دڵەکەم غەمگینە و بەستەی ئەغام سولەیمان ئەم گۆرانیەی بە کوردی بە تورکمانیش وتووە.
تەنانەت ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ڕەشید کوڵە ڕەزا لە کوردێکی کەرکوکی بەناوی (ئەمین باغەوان) قۆریاتی تورکمانی فێربووە.

بە گۆرانیبێژی تاڵەبانییەکان ناسرابو

ئەوەندەی لە دیوەخانی تاڵەبانییەکانی کەرکوك دا وەك هونەرمەندێك ئامادەئەبو و گۆرانی و قۆریاتی دەوت ئەوەندە لەناو تورکمانەکاندا نەبوو، هەر ئەم پەیوەندییە نزیکەی بە شێخانی تاڵەبانییەوە ناسناوی «گۆرانیبێژی تاڵەبانییەکانی» پێ بەخشی بو.
دۆستایەتی و پەیوەندیەکی نزیك و بەهێزی بوو لەگەڵ بنەماڵەی تاڵەبانییەکانی کەرکوك ، کەسانی وەك شێخ حەسیب تاڵەبانی، شێخ حەبیب تاڵەبانی، شێخ فازڵ تاڵەبانی. تاڵەبانییەکان خۆشیان ئەویست، زۆر ڕێزیان لێئەگرت، ئەویش هەروەها خۆشی ئەویستن و بەکەیفی دڵی خۆی گۆرانی و قۆریاتی بۆئەگوتن، شێخ حەسیب تاڵەبانی قائیمقام بوو هەرجار کە دەهاتەوە کەرکوك یا سەری لە ڕەشە ئەدا یا ڕەشە ئەچوو بۆ لای، مەراقی دەنگی ڕەشە بوو.
لەساڵی ١٩٥٦ ئاهەنگێکی بۆ (شێخ فازڵ تاڵەبانی) کردووە. لە سازکردنی ئەو ئاهەنگەدا مۆزیکژمن (ئیلهام مەردان) بە ژمنینی کەمان و عزمدین نیعمەت بە (دومبەك) هاوکارییان کردوو، لەوێدا قۆریات و چەند بەستە و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی وتووە وەك (ئەی خودا لەم ئاگر بارانە، کوڵەنجە کوڵەنجە و ئەگەر یاری منی).
لەناو ئاهەنگەکەدا ئیلهام مەردان بە کەمانەکەی پارچە مۆسیقایەکی شاد لێئەدا، ڕەشە بەپێکەنینەوە بەکوردی دەڵێ ئەوە لەبان قەبرەکەم لێدەن، دوایی هەر خۆی ئەڵێ نامرم ئینشاڵا نامرم. دواتر ئیلهام مەردانی کەمانژمن مۆسیقای کەتان کەتانە کە گۆرانیەکی فۆلکلۆری کورداییە، لێئەدا، ڕەشە ئەڵێ خۆشە.

مامۆستای قۆریاتی تورکمانییە

شارەزایی لەچەند مەقامێك هەبوو وەك (مەقام بەیات) ، (مەقام دیوان- ئورفە) و (مەقامی مەنێوری)و بە جوانی دەیخوێند ، ستایشی هونەرمەند (عەلی مەردان)ی دەکردو وتویەتی وەستایە لەمقامات.

لە هونەری قۆریاتدا شارەزا و مامۆستا بوو

زۆربەی جۆرەکانی قۆریاتی وتووە لەوانە (کوردە «کوردۆ» ، یۆڵچی، موچەڵا، عیدەلە، نۆباتچی، کاسوك، بەشیری، موخالف). لە قۆریاتەکان (بەشیری و موخالف و کاسوك)ی زۆر بە جوانی ئەدا کردووە.
ڕەشە قۆریات بێژەکانی کەرکوك خۆیان لێی نەئەدا ، کەس نەبوو لە قۆریات بەرامبەر ڕەشە بگرێت، گۆرانی کەسی تری ناوت، خۆی بە ئوستاد ئەزانی، هونەرمەندێکی بە زەوق بوو لە هەر ئاهەنگێك یا(ئەگلەنجە)- وشەیەکی تورکمانیی ناو کەرکوك، ماناکەی ئاهەنگی خۆشی و شادی بوایە، جەماوەرەکەی دەهێنایە جۆش، کە گۆرانی و بەستەی ئەوت ئەی وت (وەی وەی .. ئەها.. دەی دەی) ئێستا لەناو هونەرمەندانی تورکمان و تورکیاشدا ئەم شێوازەی ڕەشەیان بەدڵە.

لە کوێ مەقام و گۆرانی ئازەری فێربووە؟

بۆ یەکەمجار ڕەشە لە ئاهەنگ و ئەگلەنجەکانی کەرکوك (مقام قەرەباغلی) و بەستەی (ئۆلەم ئۆلەم) کە ئاوازەکەی ئازەری یە و نەغمەی مەقامی سێگایە، وتوویەتی، چیرۆکی ئاشنابوونی بە مەقاماتی ئازەری لەوکاتەوە دەستی پێکردووە کە ، ڕەشەی کوڵە ڕەزا کاتی جەنگی جیهانی یەکەم سەربازی کردووە لەسوپای عوسمانی و لەو جەنگەدا بەدیل گیراوە. ئەو ماوەیەی ئەسیر بووە لەبەندیخانە فێری قۆریاتی(قەرە باغلی) بوە لە کابرایەکی ئازەری کە ئەویش دیل بوە لەگەڵی، ئەو ماوەیەی لە شاری تەبرێز بووە مەقامات و ئاوازو گۆرانی ئازەری فێر بووە، ئینجا لە گەڕانەودا لە (سەفەر بەرلك) ئێوارەی جەژن دەگاتە کفری دەبینێ خەڵکی لەسەر قەبرانی ئەمیش لەداخاو چەند ساڵە کەسوکاری نەبینیوە دەچێتە سەر قەبرێك دەست دەکاتە گریان و لاواندنەوە بەدەنگە خۆشەکەی ، هەرچی خەڵك لەوێ دەبێت هەمووی دێنە دەوری و دواتر دەیبەنە لای خۆیان و زۆر ڕێزی لێدەگرن و ڕۆژی دوایی بەڕێی دەکەن بۆ کەرکوك ..

سەرۆکی بەشی مۆسیقای ڕادیۆی بەغدا بۆخۆی هاتە کەرکوك بۆئەوەی بەرهەمی بۆتۆمار بکەن!

هونەرمەند و موزیکژمنی بەتوانا جەمیل بەشیر سەرۆکی بەشی مۆسیقای رادیۆی بەغدا بوو، جگە لە بەشی کوردی و عەرەبی، بۆ بەشی تورکمانییش مۆزیکی ژمنیوە، بەتایبەت زۆر دۆستی هونەرمەند (عبدالوحد کوزەچی) بوو. چەندین بەرهەمیان لەئاواز و گۆرانی و قۆریاتی تورکمانی تۆمار کردووە. هەر لەڕێی ئەوەوە ئاشنا بوو بە هونەرمەند (ڕەشید کوڵە ڕەزا). مامۆستا میقداد محەمەد عومەر کە شارەزاییەکی باشی لەسەر ژیانی ئەو هونەرمەندە هەبوو دەڵێ: «ڕەشە خۆی نەچووە بۆ ڕادیۆی بەغدا، چونکە دەیزانی ئەوان بەدوای دێن و دەزانن دەنگی خۆشە».
جەمیل بەشیر هاتە کەرکوك بۆ لای ئەوەی چەند بەرهەمێکی بۆ رادیۆی بەغدا بۆ تۆمار بکات، بەو مەرجەی لەکاتی گۆرانی وتن نەڵێ (وەی وەی.. دەی دەی) چونکە ئەم وشانە تەنها لە ئاهەنگ و ئەگلەنجە ئەوترا، بەڵام ڕەشە ئەوەی هەر وت و تۆماریش کرا».
ئەو کاسێتەش لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ ڕادیۆی بەغدا تۆمار کرا، ڕەشە کۆمەڵێك قۆریات و بەستەی بە زمانی تورکمانی وتوە، بەردەوامیش گۆرانیەکانی لەرادیۆی بەغداوە پەخش دەکرا.

بەناوبانگترین بەستەو گۆرانیەکانی

زۆربەی گۆرانیەکانی ڕەشەی کوڵە ڕەزا ئاوازەکەی لەسەر نەغمەی (مەقام بەیات)ە، چەند بەستەیەکیش لەسەر (مەقام سێگا) یە. ئاوازی زۆربەی بەستە و گۆرانیەکانی، لەسەر ئیقاعی (جۆرجینا)یە. (جۆرجینا) ڕیتمێکی مۆسیقایە کە ئاوازەکەی بەم شێوەیەیە (دوم تە تەك دوم تەك)، دەیان گۆرانی و بەستەی شەرقی (تورکی و کوردی و عەرەبی و تورکمانی) لەسەر ئەم ئیقاعەیە.

١- هەی ئاغا و ئاغا (فۆلکلۆر- بەستەی مەقام راست)
٢- ئەی خودا لەم ئاگر بارانە (فۆلکلۆر- بەستەی مەقام بەیات)
٣- یار زمینەب زمینەب (فۆلکلۆر)
٤- کوڵەنجە کوڵەنجە (فۆلکلۆر- بەستەی مەقام چوارگاه)
یاری منی ئەم گۆرانیەی بەکوردی وتوە.
٥- دڵەکەم غەمگینە (بەستەی مەقام سێگا)
٦- ئۆلەم ئۆلەم (ئاوازەکەی ئازەری یە، نەغمەی مەقامی (سێگا)یە، ڕیمتێکی شادی هەیە لەزۆربەی ئاهەنگەکان ئامادەبووان داوای وتنی ئەو بەستەیەیان لە دایی ڕەشە دەکرد.
٧- خانم خانم (ئاوازی مەقام سێگا).
٨- (بو خاڵ نە خاڵدی) بەستەی مەقام بەیاتە، هونەرمەند (عبد الواحد کوزەچی) ئەم ئاوازەی لە ڕەشە وەرگرتووە و لەڕادیۆی بەغدا تۆماری کردووە.
٩- ڕیاغندە دار شالوار
١٠- بابا وایللەم واویل
١١- زمینەبم (ئاوازەکەی عەلی مەردان داینناوە، ڕەشە وتوویەتی، لەسەر نەغمەی مەقام بەیاتە).
١٢- (بلبل اوچار یواسنە
یاغمور یاغار نواسنە
من قربانم نواسنە) .. ئاوازی مەقامی بەیات
١٣. (ای بالا بالا بالا
خوردە خوردە یرغالا
اورتە یردە چار خالا) . ئەم ئاوازە ئازەری یە و ڕەشەی کوڵە ڕەزا لە ئاهەنگەکانی کەرکوك وتویەتی.
١٤. (سوسن مخمور یخەسی
یوخدی لو یارك وفاسی)
١٥- (سەن بیر یەنا بیر یانا) بەستەی (نەغمەی مەقام یەبا)
١٦. (باخار قاپی زارننان
گوزك کسمز یارننان) ئاوازەکەی لەسەر (مەقام سێگا)یە.
١٧. اغام سلیمان.. ئەم گۆرانیەی بە کوردی بە تورکمانیش وتووە، نەغمەکەی لەسەر مەقامی بەیاتە.
١٨. (سەلەوك دامنان باخانە
مسکنم اولوب چیخانە)
١٩. یار یمان سید قیزی شیخ گلینی (بەیات)

سەرچاوەکان:

١- بۆ نووسینی ئەم بابەتە سودم لە زانیارییەکانی هونەرمەندی مەقامزان (مامۆستا میقداد محەمەد عومەر . ١٩٤١-٢٠١٩) وەرگرتوە.
٢- هونەرمەندی تورکمان (محمد ڕمئوف) لە ئاهەنگێکی ڕەشەدا عودی بۆ لێداوە، زانیاریم لێی وەرگرتووە.
٣- کتێبی (کرکوك هوالری) ایکنجی جلد: عەتا ترزی باشی، ١٩٩١، بغداد .
٤- زەکی حەبیب کوڕی حاجی حەبیب سیامەنسوری کە کۆمەڵێك وێنە و زانیاری پێ بەخشیم. ئەم زانیاریانەی لەباوکی وەرگرتوە کە لەساڵەکانی سی و چلەکان خەیات بوە لەقەیسەری کەرکوك ، وەستای کەواو سەڵتە بوە و جلی بۆ ڕەشەی کوڵە ڕەزا دوریوە.
٥- بابەتێکی نوسەر قیس قەرەداغی
٦- زانیارییەکانی بورهان عبدالرحمن جاف
٧- زانیارییەکانی هونەرمەند ئەحمەد نەجیب

لە بەرنامەی(هەڵۆکان)ـی دەزگای میدیایی کەرکوکەوە

فەخرەدین سمایل بەگی

پێشمەرگەو پارتیزانی رۆژە سەختەکانی دوای ئەنفال

بەرنامەی (هەڵۆکان)، یەکێکە لە بەرنامەکانی دەزگای میدیایی کەرکوك و لە لایەن (عەبدولا سەنگاوی)یەوە پێشکەش دەکرێت، هەر جارەو باس لە تێکۆشەرێکی ئەم نیشتیمانە دەکات، بە تایبەتی ئەو پێشمەرگەو شەهیدانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە دوای شالاوەکانی ئەنفال ئامادە نەبوون کوردستان بۆ بەعسیەکان چۆڵ بکەن.

فەخردەین مەحمود محەمەد ئەحمەد، ناسراو بە (فەخرەدین سمایل بەگی) لە ساڵی (١٩٦٥)لە شوانی سەربە پارێزگای کەرکوك لە دایکبووە، تا دووی ناوەندی خوێندووە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ لە رێگای وریا ئاغجەلەرییەوە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ دووجار چووە ببێتە پێشمەرگە، بەڵام داواکەی قبوڵ نەکراوە لەبەر ئەوەی لە رێکخستنەکان پێویستیان بووە، لەساڵی١٩٨٣ سێبارە دەچێتەوە تا ببێت بە پێشمەرگەو پێیدەڵێن برۆ چالاکیەك ئەنجام بدە ئەوسا دەتکەین بە پێشمەرگە، ئەویش دێتەوەو دەمانچەیەك پەیدا دەکات بە (٦) فیشەکەوە، لەگەڵ شەهید عەبدولرەحمان سادق ناسراو بە (کوێخا بچکۆل و خوالیخۆشبوو محەمەد حەسەن رەسوڵ ناسراو بە (حەمەی خالە بەگە) بەماتۆرەکەی خۆی لەنزیك ناحیەی شوان کە ئێستا کۆمەڵگەی سمایل بەگیە دەچێتە پێش ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لە جۆری ئەلبی و دەمانچەیان لێ رادەکێشێن و دەستگیریان دەکەن و بەرەو گوندی تۆمار دەڕۆن و لەوێ تووشی کەرتی ٢ی شوان دەبن، پێشمەرگەکان بۆیان دادەمەزرێن کە وا دەزانن دووژمنن، بەڵام ئەمان خۆیان دەناسێنن و دەڵێن، لە چالاکی گەڕاونەتەوەو پەیوەندییان بە شەهید دارا سەیدانی کەفەرماندەی کەرتی چواری خالخالان بوو هەیەو دواتر دەچنە ماڵی تاهیر خەیات بۆ نان خواردن.

وەك خۆی دەڵێت:» لە رۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٢پەیوەندیم کردووە بە کەرتی چواری خاڵخالانەوەو لەوێ دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە.

لەدوای چەند مانگێك لە مفاوەزات کە شەڕ دەستی پێکردەوە، کاتێك چەند خۆفرۆشێك مامە ڕیشەو هاوڕێکانی شەهید دەکەن، ئەمانیش لە تۆڵەی مامەڕیشەو هاوڕێکانی لەگوندی گەڵناغاج داوا لە مەلاوەیسی دەکەن تا بڕۆن بۆچالاکی، چونکە ئەوکاتە مەلا وەیسی فەرماندەی کەرتەکەیان دەبێت، لەگەڵ محەمەد عوسمان ناسراو بە (حەمە سوور دوشیوانی) بەو شەوە بەپێ بەڕێدەکەون گوند بەگوند تا خۆیان دەگەیەننە قەرەناو، هەر هەمان شەو دەچنە حاوی قەرەناو لەناو ئەو باخانە خۆیان حەشار دەدەن تا سەعات ١٠بەیانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆز کە هی ئامر قاتعی جەیشی شەعبی دەکەوێتەوە بۆسەکەیان و دەستبەسەر ئۆتۆمبێلەکەو دوو جەیشی شەعبی دەگرن و بەرەو گوندی ئلینجاغ بەڕێدەکەون.

لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٦ برایەکی لەلایەن چەند خۆفرۆشێکەوە بەدیل دەگیرێت و

لەلایەن ئەمنی ناحیەی شوانەوە وەڵامی بۆ دەنێرن، ئەگەر ئەم کارانەیان بۆ بکات ئامادەن براکەی ئازاد بکەن(خەڵکی لەناو شۆڕش بۆ دیاری بکەن تا بیانکوژێت، یاخود مانگانە هەواڵی هێزی پێشمەرگە بۆ رژێم بنێرێت و لەبەرامبەردا موچەیەکی باشی پێدەدەن)، بەڵام ئەو هەموو ئەو شتانە رەتدەکاتەوەو پێیان دەڵێ پێشمەرگە هەموو برای منن، تا لە ١٩٨٧/٣/١٩ رژێم لە کەرکوك براکەی گوللەباران دەکەن و دواتریش پارەی فیشەکەکان لە خانەوادەکەیان وەردەگرنەوە.

فەخرەدین سمایل بەگی بەشداری زۆربەی شەڕو داستانەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووەو تائێستا (٦) جار بریندار بووەو بەهۆی بریندارییەوە دۆخی جەستەیی باش نییە، لە کاتی شالاوەکانی ئەنفال تا رزگارکردنی کەرکوکی قودسی کوردستان سێ جار بریندار بووە، لە کاتی شالاوەکانی ئەنفال بۆسەر ناوچەکانی کوردستان داوایانکردووە وەك پێشمەرگەی پارتیزانی بیانێرنەوە سنورەکانی کەرکوك، چونکە نابێت ئەو سنورە پێشمەرگەی لێ نەبێت، دواتریش مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) رەزامەندی دەردەبڕێت و مەفرەزەکەش پێکهاتبوون لە (شەهید ئاکۆسور، شەهید خاڵە بەخە، شەهید ئاواتە رەش، شەهید ئیباو، شەهید وریا قەفاری، نەقیب ناسیح، پۆلا هەیبەی، فەخرەدین سمایل بەگی).

وەك خۆی دەڵێت:» پێش ٢٠ رۆژ لە قاسمەڕەش خولێکی تایبەتیان لەلایەن دکتۆر شوان و خدر مەحمود جاف بۆ کرایەوەو لە مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٠ بە جیهازێکی جۆری (راکاڵ) و دوو جیهازی بچووکەوە بەرەو سنورەکانی کەرکوك دەگەڕێنەوەو تا راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەك پارتیزان دەمێننەوە و تا لە رزگارکردنی کەرکوك لە سەربازگەی خالید بە سەختی بریندار دەبێت.

ئێستا فەخرەدین سمایل بەگی بە پلەی عەمید خانەنشینکراوە، سەرەڕای گلەیی و رەخنەیەکی زۆر لەو ناعەدالەتیانەی رۆژانە دەبینرێن، بەڵام وەك خۆی دەڵێت:» کوردستان و یەکێتی لە کوێ پێویستی پێی بێت، هەر وەکو جاران ئامادەی هەموو فیداکاری و قوربانییەکە بۆ کوردستان و یەکێتی.

مێژووی تەلەفزیۆن لە کەرکوك

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

(بەشی نۆیەم)

کەناڵی ناوخۆیی باوەگورگوور تیڤی، حەمرین تیڤی، Ktv.

لە ساڵی (٢٠٠٤)ی زاینی تەلەفزیۆنی (Ktv) لە کەرکوك لەلایەن (تەها تەیفور)ەوە دامەزرێنرا. بەڵام لە ٢٥ی تەمووزی (٢٠٠٤) ەوە کاری بۆ کراو کەوتە پەخشی خۆی. ئەم هەنگاوەیان وەهای دەخواست کە بەرپرسێك بۆ چاودێریکردنی ئەدای هەردوو دەزگای (رادیۆ و تەلەفزیۆن) دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش (بەختیار تاڵەبانی) راسپێردرا.

لە ساڵی (٢٠٠٦)ی زاینی ئەرکی بەرپرسی یەکەمی ناوەندی راگەیاندی پارتی لە کەرکوك و بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بە (کاوێز مەلا پەرویز)درا.

لەدوای دەستبەکاربوونی (کاوێز مەلا پەرویز)، گۆڕانکاری لە شێوەو ناوەڕۆکی تەلەفزیۆنەکە رووی داو ناونیشانی تەلەفزیۆنەکە لە (ktv)ەوە بوو بە Hamrin tv و گۆڕدرا، دوای ماوەیەکی کەمیش ناونیشانی تەلەفزیۆن کرا بە Bawagurgurو ئەم ناونیشانە جێگیرکرا تا ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ ی زاینی و بەردەوامی هەبوو.

تەلەفزیۆنی (باوەگورگور) ئامانجی دەرخستن و وراژاندنی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانی ناوچەی کەرکوك بوو، بە دیهێنانی مافە دەستووری و مێژوویەکانی کورد لە ناوچەی کەرکوك دەکردو چاوساغی کوردانی شارەکە بوو.

***بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن:**

- تەها تەیفور ساڵانی (٢٠٠٤) . (٢٠٠٥)ی زاینی
- سەردار جاف ساڵانی (٢٠٠٥) . (٢٠٠٦) ی زاینی
- کاوێز مەلا پەرویز ساڵانی (٢٠٠٦)- (٢٠١٧)ی زاینی

***بەرپرسی بەشەکانی تەلەفزیۆن:**

- سەنگەر قوباد . بەرپرسی بەشی هەواڵ
- سامان حەبیب . بەرپرسی بەرهەمهێنان
- محەمەد وەلید . بەرپرسی ئەرشیف و تەنسیق
- یونس عومەر . بەرپرسی ستۆدیۆ
- کاروان بەهجەت . بەرپرسی پەخش
- ئاکۆ شەهاب . بەرپرسی کاگێڕی.

***بەرنامەکان:**

ئەو بەرنامانەی کە بە زمانی عەرەبی و کوردی پەخش دەکرا بەمجۆرە بوو:- شارەکەم، مەدینەتی، دیالۆگ، پانۆرامای هەفتە، رافە، کەرکوکی دێرین، پزیشکی، وەرزشوان، دامە، کوردو سینەما، وێنەکێش، ئێوارانی کەرکوك، چەرخ و بەخت، میحور، بەیانی کەرکوك، پەلکە زێرینە، بەڕاشکاوی، پەروەردەو فێرکردن، ژیانی لادێ، سەیران و خوارد، تاکسی، رۆشن.

***پێشکەشکارانی بەرنامە:**

سەنگەر قوباد، دیدار عوسمان، ئاسۆ جەلال، جوان فاتیح، تریفە عەلی، شۆخان محەمەد، عەدنان عەزیز، سەعەد حەساری، خەیرولڵا مەلاعەلی، کۆسرەت عەبدولڕەحمان، سیامەند محەمەد، پەیمان عەلی، مونتەها جەبار، فاتیمە ئەحمەد، شاسوار حەمید.

***هەواڵسازانی تەلەفزیۆن:**

عەدنان محەمەد، فەرمان قادر، عەدنان عەزیز، سەنگەر قوباد، یاسین مەولود، نەسرین محەمەد.

***مۆنتێرەکانی تەلەفزیۆن:**

ئارام عەلی، محەمەد عەلی، عیماد مەجید، فاتیمە خەسرەو، کرمانج هۆشیار، رێبین عەدنان، سەروەند قادر.

***وێنەگرەکانی تەلەفزیۆن:**

دڵشاد حوسێن، ئارام عومەر، فەرهاد جەلال، فازڵ حەسەن، گۆران کەریم، سیروان تاهیر، حەسەن غەفور، ئاکۆ شەهاب، نەجات کەمال.

***پەیامنێرانی تەلەفزیۆن:**

ئاری بابان، رۆکان جاف، کەنعان ناسڕ، بەختیار عادل، سیامەند محەمەد، ئاسۆ جەلال، عومەر عەلی، رزگار عەبدولڕەحیم.

***بێژەرەکانی تەلەفزیۆن:**

حەمزە ئەحمەد، شۆخان محەمەد، پەیمان عەلی، تەغرید نەقشبەندی، عەدنان عەزیز، سەنگەر قوباد، دیدار عوسمان، فەرمان قادر.

***ئەرشیف و تەنسیقی تەلەفزیۆن:**

محەمەد وەلید، ئەڤین خەلیل، جەمیل بیلال، کاروخ سەیفەدین، رەعد سابیر.

***ستافی پەخشی تەلەفزیۆن:**

کاروان بەهجەت، کاروان وەهاب، حەمزە رەحیم، سلێمان محەمەد.

***ستافی ستۆدیۆی تەلەفزیۆن:**

یونس ئەحمەد، مەنسور محەمەد، بورهان ئیبراهیم، کەمال حەمید.

***ستافی کارگێڕی و بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن:**

ئاکۆ شەهاب، بەهجەت حەسەن، گەیلان محەمەد، ئەیوب عەباس، لەمیعە تۆفیق، ئەحمەد خورشید.

*کەناڵی ئاسمانی (تورکمان ئیلی):

ئەم کەناڵە پەخشی ئەزموونی لە ٢٤ نیسانی (٢٠٠٤)ی زاینی دەستیپێکرد، بەڵام لە ١٤ی تەمووزی ساڵی (٢٠٠٤)ی زاینی پەخشی راستەوخۆی دەستیپێکرد.

هەیکەلی دامەزراندنی ئەم کەناڵە پێك هاتبوو لە:

بەشی هەواڵەکان، ژووری پەخش و کۆنترۆڵ، بەشی جێبەجێکار، بەشی مۆنتاژ.

لەماوەی کارکردنی لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨) . (٢٠١٥)ی زاینی، کۆمەڵێك پرۆتۆکۆڵاتی واژۆکردووە لەگەڵ کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆیی و عەرەبییەکان وەکو دەزگای میدیایی (trt)ی تورکی و تەلەفزیۆنی ئازەربایجان و تەلەفزیۆنی (بایراق)ی قوبرسی تورکیاو تەلەفزیۆنی میسڕی و کەناڵە عیراقییەکان لە نێویاندا کەناڵی (العراقیە)ی فەرمی حکومەتی عیراق.

لەسەرەتادا لە ساڵی (٢٠٠٤)ی زاینی، مۆڵەتی پەخشی وەرگرتووە لە (الفریق الاعمار الامریکی) کە دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عیراق بوون (CPA) لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٤ . ٢٠٢٠)ی زاینی، گەلێك بەرنامەی جۆراو جۆری وەکو سیاسی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، ئاینی، منداڵانی پەخشکردووە کەخۆی دەدا لەنزیکەی (٢٥) بەرنامەی هەمە رەنگ.

لەساڵی (٢٠٠٨)ی زاینی یەکێك لە بەرنامەکانی (حدیث الساعە)ە بوو، کە لەکاتی خۆیدا گرنگی بەرچاوی هەبووە و هەر بۆیە لەنامەی ماستەری (لەیلا جومعە) لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی بەغدا ناوی هاتووە لە نامەکەیدا بەناوی (کرکوك فی الفضائیات العراقیة).

ئەم کەناڵە پەخشی رۆژانەی بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی بووە،و وا خۆی نیشانداوە کە کەناڵێکی بەرچاوی عیراقی بێت بە تام و بۆنی تورکمانی، چونکە لەماوەی کارکردنیدا چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ هەموو سەرکردە عەرەبی و کوردی و تورکمانییەکان لە عیراق و بایەخی بە ئەندام پەرلەمان و حیزبە سیاسییەکان داوە. ئەم کەناڵە پەخشەکەی لەسەر مانگی دەستکردی (تورك سات)و (نورسات)و نووسینگەی هەبووە لە ئەنقرە، بەغدا، تەلەعفەر، خورماتوو، بەڵام نووسینگەی بەغدای لە ساڵی (٢٠٢١)ی زاینی داخرا.

***بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کەناڵە:**

- د. حوسێن شەیاز: مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی کەرکوك، بەشی زمانی تورکی کە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤ . ٢٠٠٧)ی زاینی بەڕێوەبەر بوو.
- یەڵماز زەینوو ئەلعابدین بەڕێوەبەر بوو لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ . ٢٠٢٠)ی زاینی وەکو بەڕێوەبەری هەواڵەکان و بەرنامە سیاسییەکان لە کەناڵەکە کاری کردووە.

***بەڕێوەبەرەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکە:**

- عەدنان ساری کەهیە
- نیهاد نەجیب
- سوهیل قاسم
- مەحموود رەشید.

کەناڵی ئاسمانیی (تورکمان ئیلی) کەناڵێکی گشتی هەمە رەنگ و دیالۆگە، ئەرشیفی لە چوار چێوەی بەرنامەی جۆراو جۆری سیاسی و مێژوویی و رۆشنبیری و هونەری و خۆشنوانی، کە ئاراستەی پێکهاتەی تورکمان دەکات لە عیراقدا، کە بایەخ بە کەلەپوور و هونەری تورکمانی دەدات. لەسەرەتاکانی (٢٠٠٤) ی زاینی تا (٢٠٠٦)ی زاینی، ئەم کەناڵە سەر بە بەرەی تورکمانی عیراقی بوو، بەڵام لەسەرەتای (٢٠٠٧)ی زاینی جیابووەوە لە بەرەی تورکمانی عیراق و لە ئێستادا سەر بە (وەقفی تورکمانییە بۆ رۆشنبیری و ئاوەدانکردنەوە)یە، کە هەیکەلەی کەناڵەکە بەم شێوەیە داڕێژراوتەوە:

- بەڕێوەبەری گشتی
- بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن
- بەڕێوەبەری ناوەندی هەواڵەکان
- بەڕێوەبەری رادیۆ
- بەڕێوەبەری بەشی هونەری
- ژمێریاری
- بەڕێوەبەر گشتیی سەرپەرشتی هەموو بەشەکان دەکات و بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن یاریدەدەرێتی، زۆرترین بەرنامەی کە ناوبانگی لەعیراق و دەڤەرەکانی تورکمانی دەرکردووە بەرنامەکانی (خلق المیدانی، منبر الشعب، وەدەلر یادیگاری)و گەلێك بەرنامەی تر.

هەر لەسەرەتاوە بایەخ بە کەلەپوورو مێژووی تورکمانی دەدات بەتایبەتی کەلەپووری مێژووی تایبەت بە شاری کەرکوك لە هەمان کاتدا لە نێو چوارچێوەی کەناڵی ئاسمانی (تورکمان ئیلی)دا، رادیۆیەکی (fm)ی نەگۆڕ هەیە کە پەخشی بەرنامەی جۆراو جۆری رۆشنبیری و سیاسی و ئاینی و هونەری دەکات، کە لەگەڵ هەواڵەکانی کەناڵەکە هاوپەیوەستە.

گەڕەکەکانی کەرکوك لە روانگەی مێژووەوە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)
بەشی دەیەم

گەڕەکی (پەنجا عەلی)

ئەم گەڕەکە هاوسنوورە لەگەڵ گەڕەکی شۆڕیجە، گەڕەکی حورییە، گەڕەکی رووناکی و گەڕەکی عولەما، ئەم گەڕەکە لە پاشماوەو شوێنی گوندی پەنجا عەلی بنیاتنراوە.
گوندی پەنجا عەلی یەکێکە لە گوندەکانی سەر بە ناوەندی شاری کەرکوك، کەوتۆتە رۆژهەڵاتی کەرکوکەوە، لەگەڵ ماڵە ئاوارەکانی پەنجاعەلی هاوسنوورە، پەیدابوون و درووستبوونی بۆ ساڵانی (١٨٠٠ - ١٨٠٥)ی زاینی دەگەڕێتەوە.
